# یاخیبون لەشیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا

**ID No.36**

(PP 104 - 123)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.6

**شوانە نوری عەبدوڵڵا**

بەشی مێژوو- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتەکان/ زانکۆی هەڵەبجەهە

Shwana.abduiia@uoh.edu.iq

**سەردار ئەحمەد گەردی**

بەشی کوردی ـ کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Dr.sardargardi@gmaih.com

**وەگـــــرتن : 2021/07/06**

**پەسندکردن : 2021/09/19**

**بڵاوکردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

چمکی یاخیبون بابەتێکی فرەواتاو فرە ڕەهەندە، پوختەی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆریەوە زاراوەی چەمکەکەی ڕونکردووەتەوە بەپێی فەرهەنگ، کەخۆی لەواتاکانی (سەرکەشی ، لادان ،دەچوون لەسنوور، بێ ئەمری، شکاندنی نەریتەکان دەگرێتەوە ). زیاتر پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئایینیەوە هەیە، بەکورتی مرۆڤی یاخی ئەوکەسەیە، کەدەڵێت نەخێر. لەلایەکی ترەوە مێژووی ئەم چەمکە ڕونکراوەتەوە بۆپێش هاتنی ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلام، بەتایبەتی لای ئەفسانەی گەلانی ڕۆژهەلات وەك (بابلی و سۆمەر)یەکان . کەمێژووەکەی بۆ (2000) ساڵ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح دەگەڕێتەوە. پاشان هەموو قۆناخەکان لە ئیغریقەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم بەنموونەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کەهەرقۆناخەو ڕەهەندی تایبەتی خۆی بەواتای ئەم چەمکە دەدات هەم لەڕوانگەی ئایینەوە هەمیش لە ڕوانگەی فەلسەفەو ئەدەبەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەکورتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی یاخیبون وەك هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئایینی ڕونکراوەتەوە، کەتاڕادەیەك لەیەکەوە نزیکن، لەبەشە پراکتیکیەکەشدا، کەتایبەتە بە شیعرەکانی (قوبادی جەلی زادە )هۆکارە خودی و بابەتییەکانی یاخیبونی شاعر ڕاڤەی بۆکراوە، ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە سەلماندنی ئەوفاکتەیە، کەقوبادی جەلی زادە بەتەنیاشاعیری ژن وئیرۆتیك نییە، بەڵکو شاعیرێکی یاخی مرۆیی و ئازادی خوازوو یەکسانی خوازە، بۆیە لەژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەیشدا باجی ئەم سەرکەشی و یاخیبونەی داوە، کەلەڕێگەی دەقەکانییەوە ئەوڕاستیانە سەلمێندراون، لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە یاخیبونی وەك دیاردەیەکی ئەرێنی ناساندووە لەپێناوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆمرۆڤایەتی.

**کلیلە وشەکان**: زاراوەو چەمکی یاخیبون، مێژووی یاخیبون، هۆکارەکانی یاخیبون، جۆرەکانی یاخیبون .

## پێشەکی

چەمکی یاخیبون پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە مرۆڤەوە هەیە، ئەم چەمکە خوێندنەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت واتە فرە ڕەهەندە. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەلە یاخیبوندەکات وەك چەمك و زاراوە بەتایبەتی لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (یاخیبون لەشیعرەکانی قوبادی جەلی زادە) دا. خۆی لەدووبەشی سەرەکیدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم تیوریەو لەسێ پارێکهاتووە، لەپاری یەکەمدا زاراوەو چەمکی یاخیبون بەپێی فەرهەنگ و پاشانیش چەمکەکە لەڕوانگەی ئایینی و دەرونی و کۆمەڵأیەتی و فەلسەفیەوە خراوەتا ڕوو، لەپاری دووەمدا مێژووی ئەم چەمگە دیاری کراوە سەرەتا لەڕوانگەی ئەفسانەو ئایینەوە پاشان لەڕووی فەلسەفەوە هەرلەقۆناخی ئیغریقی کۆنەوە تا سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم، دیدگای دیارترین فەیلە سوفەکان بەجیاوازی بۆچوون و قۆناخە جیاوازەکانی ژیانیانەوە لەناو مێژوودا بەکورتی خراوەتە ڕوو، لەپاری سێیەمدا هۆکارەکانی یاخیبون وەك هۆکاری ئایینی دەرونی کۆمەڵاتی بەجیاوازی بیروڕای کۆمەڵناسان و زانایانی بواری دەرونی و ئایینی تیشکی خراوەتە سەر، بەشی دووەمیش پراکتیکیەو کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی قوبادی جەلی زادە لەخۆدەگریت، ئەومیتۆدەی بۆشیکاری دەقەکان بەکارهاتووەمیتۆدی(وەسفی شیکارییە) پرسیای توێژینەوەکە ئەوەیە، کەئایا قوبادی جەلی زادە شاعیرێکی یاخیە؟ هەوڵمانداوە ئەوەبسەلمێنین لەڕیگەی دەقەکانەوە، کەشاعیر لەقۆناخە جیاوازەکانی ژیانیدا یاخیبوەو لەژیانی ڕۆژانەشیدا ئەوباجەی داوە سنووری توێژینەوەکە دیایکراوەو جۆرەکانی یاخیبون لە شیعرەکانی قوبادی جەلە زادە لەخۆدەگرێت، تەنها چەند نموونەیەکمان بەکورتی باسکردووە، کێشەی ئێمە فرەڕەهەندی خودی چەمکەکەیە، کەنەمان توانیوە مافی تەواوی پێبدەین ئەویش بەهۆی ئەوەی

ئاسان نیەتێزێکی دکتۆرا لەچەند پەڕەیکدا کورتبکرێتەوە، لە لەکۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی نوسیوە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان .

**بەشی یەکەم: (زاراوەو چەمکی یاخیبون)**

**پاری یەکەم: (زاراوەی یاخیبون)** لەفەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا (یاخی) بەمانای (شەقی ، چەمی بێبوار ، مانگرتوو) هاتووە. (موکریانی، 1388: ل56) هە رلەهەمان فەرهەنگداو لەزمانی فارسیدا (متمرد) لەبەرامبەر (یاغی، کوەسعب عبور، روودخانەگدار، اعتصاب کردە) دانراوە. لەفەرهەنگی (مامۆستا)دا، لەبەرامبەر (یاخی) (مانگرتووی ) داناوە (ئیسماعیل،2009:ل121). لەفەرهەنگی قانوونی( عەرەبی، کوردی ،فەرەنسی ، ئینگلیزی) یەکەی دکتۆر(نوری تاڵەبانی)دا بەم شێوەیە زاراوەکەی خستۆتەڕوو(تمرد) بەواتای (یاخیبون) یان(Rebelliion) دێت (تاڵەبانی، 2010:ل121). لەفەرهەنگی (خاڵ) دا واتای یاخیبونی بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە ( دەرچوونی گیاندار لەئەندازەی خۆی). (خاڵ ، 2005 ، ل529) . لەفەرهەنگی (ئۆکسفۆرتدا) وشەی (Rebte) وەك ناو لەبەرامبەر (یاخی)، ( هەڵگەڕاوە) بەکارهاتووە . Rebete وەکوفرمان لەبەرامبەریدا وشەکانی ( یاخیدەبێت، ڕادەپەڕێت لەدژی، ڕادەپەڕێت لەپێناو گۆڕانکاری ) بەهەمان شێوە بەواتای (Revolution) هاتووە (خۆشناو،2010: 217)ئەوەی جێگەی سەرنجە واتای (یاخی) بە (شۆڕش) هاتووە، بەڵام ئەم دوو زاراوە جیاوازیان هەیە، چونکە شۆڕش ماناو دەلالەتێکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، دەکرێت یاخیبون زۆرجار کردەیەکی خوودی بێت، بەڵام شۆڕشکردن زیاتر پەیوەندی بەکاری پێکەوەیي وکۆمەڵەکیەوە هەیە.

**چەمکی یاخیبون:**

لەبەرئەوەی چەمکی (یاخیبون) فرە ڕەهەندو فرەواتایە ئاسان نییە بەتێڕوانینێکی ڕەهاو ئەبستراکت بناسێندرێت، ئەم چەمکە لەڕوانگەی (کۆمەڵناسی و دەروونی و ئایینی و ڕامیاری و ئابوورییەوە) خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی چەند پێناسەیەکەوە مانای ئەم چەمکە فراوانە بخەینەڕوو. ((لەڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە بەم جۆرە چەمکەکە خراوەتە ڕوو((یاخیبون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەئەنجامی ئەویاسا کۆمەڵایەتی و داب و نەریتانەی بەسەر کەسەکاندا سەپێنراون هەندێك لەڕەخنەگران پێیان وایە ئەمە بەرئەنجامی لاوازی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیە، لەئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە جیاوازانەی کۆمەڵگەیە، کەلەدیدگاو بەهای جیاوازەوە بۆچەمکەکان سەرچاوە دەگرن. ئەمەش جۆرێکە لەڕاکردن و مامەڵەی خراپ ویاخیبون لەدژی ئەو شکستانەی، کەکەسی یاخی لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە)). ( الطیب، 2016: 28) بەسەرنجدان لەو دیدگایەی سەرەوە دووهەڵوێست بەرجەستە دەبێت: لایەنێکیان ئەرێنییەو ئەوی تریان نەرێنی. لایەنە ئەرێنییەکە ئەوەیە مرۆڤ پێویستە گوزارشت لەدوونیا بینی خۆی بکات وداکۆکي کاربێت، هەرچی لایەنە نەرێنییەکەیە ئەوەیە، کە کەسی یاخی بە هەڵاتوو لەڕاستییە کۆمەڵاتییەکان وێنادەکات. ڕوانگەی( دەروني) بۆچەمکی یاخیبون دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای قۆناخی منداڵی، هەرچەندە بەتەواوەتی نایە ستێتەوە بەسەردەمێکی دیاریکراوی تەمەنی تاکەوە، چونکە مرۆڤ لەهەموو قۆناخەکانی ژیانیدا ئاساییە تووشی دیاردەی یاخیبون ببێت، بۆنموونە (جاك بریم) لەساڵی 1966 لەتیورییەکەیدا دەڵێت(( یاخیبوون دیاردەیەکی دەروونیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەو کاتەی ئازادی هەڵبژاردن لەلایەن تاکەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆگۆڕانکاری لەهەڵسوکەوتوو کرداری مرۆڤدا، یاخیبوونی دەروونی هێزێکی ناوەکیەو کاتێك سەرهەڵدەدات، کەئازادییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، وەك ئەو هەڵسوکەوتە توندو سنووردارانەی دایکان و باوکان لەبەرامبەر منداڵەکانیان پەیڕەوی دەکەن و هاوکات پەرچەکرداری توندەکانی منداڵ لەبەرامبەریاندا)). ( عوید، فرهود، 2017: ص10).بەپێی بۆچوونەکەی (بریم) سێ هۆکاری سەرەکی هەیە، کەکار لەسەر قەبارەی یاخیبونی دەرونی تاکەکەس دروستدەکات(( گرنگی هەڵسوکەوتی ئازاد، ڕێژەی ڕەفتاری لادەرانە یان لایەنی سەرزەنشت، قەبارەی سەرزەنشتکردن، هەتا سەرزەنشتکردن زیاتربێت پلەی یاخیبوونەکە زیاتر دەبێت)) .( القیق، 2017: 7). ((سیگمۆن فرۆید 1865ـ 1939) پێش (ئەدلەر) لە گرفتە دەرونیەکان دواوە ڕەمەکی سێکسی و چەپاندنی لەلایەن کۆمەڵگەو نەریتەوە بەهۆکاری سەرەکی یاخیبونوو داهێنان دادەنێت)) . (مەعروف،2012:ل50) . لەڕوانگەی ئایینیەوە چەمکی یاخیبون زیاتر پەیوەندی بەباوەڕوو وابەستەبوون بە بنەما پیرۆزەکانەوە هەیە (( یاخیبون زیادەڕۆییە نەچوونە ژێربارو ڕەتکردنەوەی هەموو فەرمانێکی شەرعییە)).( نورالدین، 443). لەڕوانگەی (بونگەر) ەکانیشەوە، کەتاڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی کۆمەڵناس و مارکسیستەکان بیردەکەنەوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تاکگەرا دەبیننەوە، بۆنموونە (مارتن هایدگەر 1889ـ 1976) دەڵێت ((ژیان دوو شێوازی سەرەکی هەیە، شێوازی یەکەمیان ڕەسەنەو ئەوی تریان ناڕەسەن، لەشێوازی ڕەسەندا بوون بڕیاری خۆیدەدات و شێوازی ئاراستەی خۆی وەردەگرێت لەڕێگای بڕیارو هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە، بەڵام شێوازی ناڕەسەن ئەو بوونەیە لەناو ئێستادا نووقم بووە بڕیارنامەو پێشینەکۆمەڵایەتییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن)). ( بۆکانی، 1999: 234). (کارل مارکس 1881ـ 1883)

یاخیبونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بەهۆکاری ئابوورییەوە، ئازادی مرۆڤ و ڕزگاری بە سەربەخۆیي ئابوورییەوە گرێدەدات (( مرۆڤ لەناو ڕەوتی مێژوودا هەستاوە بەخوڵقاندنی ڕۆشنبیرییەك، کەدواتر ئەو ڕۆشنبیرییە ئازادی بۆدەخوڵقێنێت، بەڵام لەکاتێکدا لەکۆت و بەندەکانی ئابووری و هەژاری ڕزگاری بوویێت) ) .( شریعتی، 1385: 165) .بەم بۆچوونانەی سەرەوە ئەوڕاستییە دەردەکەوێت، کە یاخیبون چەمکێکی فرە ڕەهەندەو ناتوانیین بەتەنیاو تێڕوانینێکی ئەبستراك بیناسێنیین .

**پاری دووەم :( مێژووی یاخیبون)**

لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە یەکەم یاخیبون مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی(ئیبلیس) سوجدەی بۆخودای گەورە نەبرد (إِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ) .( البقره،ایە:34) بەپێی سەرچاوەی(الاغتراب فی تراث الصوفیه)ەکەی(د.عبدالقادر موسی)ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆسەردەی (ئیغریقیەکان) لەو کاتەدا ئایینی (ئۆروفیەکان) هەبووە، کە ڕووەکی بوون و گۆشتیان یاساغ کردووە بەهۆی ئەوەی(تیتان) گۆشتی خواوەند(دینیسوسی) خوارد بەشێك لەگیانی ئەو خواوەندە ڕۆشتە ناو لەشی مرۆڤەوە). (موسی، 2001: 21). لەڕوانگەی فەلسەفیشەوە یاخیبون دەگەڕێتەوە بۆلای فەیلەسوفی یۆنانی ((هیراکلیتس 540- 475 پ.ز) دەیوت ئەم گەردوونە نەخواوەند نە مرۆڤ نەیان هێناوەتە بوون هەربووەو هەردەمێنێت) ). (عزیز ،2012 : 75). لەپاش ئەم فەیلەسوفە ((صۆفستاییەکان لەسەدەی ئێنجەمی پێش زاییندا وەك کۆمەڵێك مامۆستای پیشەیي دەرکەوتن، کەبزوتنەوەیەکی یاخیبون و گومانیان خستەسەرئایین و گاڵتەیان بەدروشم(شەعیرە) کانی دەکردوو قسەوقسەڵۆکیان بەدەم خواوەندەکانەوە هەڵدەبەست )). (الحیدري ، 2012 : 30). لەسەردەمی ڕۆمانییەکانیشدا (سپارتاکۆس لەساڵی (73) پ.ز ،خۆیي وحەوت کۆیلە لەدەستەڵات و لەدژی سوپای (کراسوس) یاخیدەبن و سەرئەنجام بەمردنی هەموویان شۆڕشەکەیان کۆتایي دێت)). (پەنا، 2011: 45) لەسەردەمی دەستەڵاتی خەلافەتی ئیسلامیشدا چەند بزووتنەوەیەکی یاخی سەریان هەڵدا لەوانە ((لەسەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا بزووتنەوەی (خەوارج) پەیدابوون، کەدیدو تێڕوانینیان جیاواز بوو بۆدەستەڵات و شەرعییەتی دەستەڵات و شرۆڤەکاری بۆدەقەکانی قورئانی پیرۆزو دیاردەکۆمەڵایەتی و بنەما ئابوورییەکان )). (خەلیل ، 2009 : 8). یەکێکی تر لەو بزووتنەوە ئایینیە یاخیانەی، کەلەسەردەمی خەلافەتدا سەری هەڵدا (موعتەزیلە) بوو ((بەدیدو هزری نوێوە هاتە مەیدان هەربۆیە زۆرجار بەیاخی و گومرا تۆمەتباردەکران)).( ئەبوسعود، 2019: 5). ئەوەی پەیوەندی بەئەوروپاوە هەیە تێڕوانینێکی هەرەزۆرروو جیاوازهەیە هەندێك لەوبۆچوونانە سەرەتای یاخیبون پەیوەستدەکەن بەسەردەمی ڕێنیسانسەوە بەتایبەتی لەبواری هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی نویگەری زۆرگەورە ئەفرێندراوە(( دانتی 1265- 1321ز) کۆمیدیای یەزدانی پەنجەی بۆئەوەڕاکێشا، کەزمانی نەتەوەیي لەتوانایدایە لەبەرهەمی ئەدەبیدا لەبری زمانی لاتینی زمانی ئیتاڵی بەکاربهێنیت). (مەزهەر، 2006: 69). بەهەمان شێوە لەسەدەی شازدەهەمدا کۆمەڵێك یاخیبون ڕویدا لەبواری ڕیفۆرمی ئایینی و هونەریدا لەوانە((جیابوونەوەی پرۆتستانتە مەسیحییەکان لە کاتۆلیك مەزهەبەکان لەسەدەی شازدە دا)) .( ڕەشید، 2019 :65) . بەهەمان شێوە لەبواری هونەردا وەك (( لیۆناردو دافنشی 1452- 1519 میکائیل ئەنجیلۆ 1475- 1564، ڕۆفائیل سانتی 1483- 1520 ز) ئەم هونەرمەندانە بەجۆرێك کۆت و پێوەندیان بچڕاند هیچ لایەنێکی دیکەی زانستی مرۆڤایەتی نەیتوانی شان لەشانیان بدات، سەدەي هەژدە بەسەدەی ڕۆشنگەری ناسراوە لە ئەوروپا بەهۆی شۆڕشی فەڕەنساوە سەراپای دەستەڵات و بیروباوەڕەفەلەسەفییەکان گۆڕانکاری مەزنیان بەسەردا هات، ڕۆڵی نووسەرەکانی وەك(ڤۆڵتێر 1694- 1778 ز ) (جان جاك ڕۆسۆ 1712- 1778ز) (دیدرۆ 1713- 1784ز) ڕۆڵی ئەم نووسەرو ئەدیبانە کەمترنەبوو لەجەنگاوەران لەشۆڕشی فەڕەنسادا). عارف،2008: 110). هەرچی دەربارەی (مۆدێرنێتە)و یاخیبونە ((مۆدێرنێتەوەك دیاردەیەکی گشتگیر لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا لەئەوروپاسەری هەڵدا، باسی هەندێ ڕووداومان بۆدەکەن وەك ساڵی 1454 (گۆتینبەرگ) چاپی داهێنا و(کرستۆڤەر کۆڵۆمبۆس 1492ئەمەریکای دۆزییەوەو (کۆپەرنیکۆس 1453 )سوڕانەوەی زەوی بەبەدەوری خۆردا ئاشکراکرد، بزوتنەوەچاکسازییەکەی( لوتەر ماتیوس 1517) لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هیومانیزم لە(ئیتالیا) و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا)). ( ساڵح، 2012 : 22) .ئەوبیروڕایانەی لەقۆناخی مۆدێرنەدا سەریان هەڵدا بریتیبوون لە مانە (( بڕوابوون بەتوانای عەقڵ و زانست، تاکگەرایي، دامەزراندنی کۆمەڵگای پیشەسازی نوخبە گەرایي، بیرۆکراسي بوونی حکومەت، باوەڕبوون تەتیوری گەشە، هیچگەرایي) . (عوسمان ،2015: 164) .

**پاری سێیەم (هۆکارەکانی یاخیبون) :**

**1-هۆکاری دەرونی** : هۆکارە دەروونییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە وەك پاڵنەرێکی بەهێز دەردەکەوێت بۆ سەر هەڵدانی دیاردەی یاخیبون، بەڵام هۆکارە دەروونیەکان فرەجۆرن و دەروونی مرۆڤەکان جیاوازن بۆیە کێشە دەروونیەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازەو بەهەمان شێوەش لەقۆناغێکی تەمەنی مرۆڤەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە. بیرۆکەی شیکردنەوەی دەرونی

لەسەر بنەمای ملكەچبوون بەو تیۆرەی عەقڵی ناوەكی دامەزراوە، كە ژیانی عەقڵی دەكات بەدوو بەشەوە.عەقڵی دەرەكی یان هەست(The conscious) عەقڵی ناوەكی یان نەست(The unconscious)ئەم تیۆرەش لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، كە بیركردنەوەو هەڵسوكەوتە هەستیەكانمان ئەنجامی چەند پرۆسەیەكی دەرونیانەی نەستین و لەعەقڵی ناوەكی داو بەدەر لەویست و ئیرادەمان ڕوودەدەن، بەڵگەی بوونی عەقڵی ناوەكیش پیادەكاریەكانی شیكردنەوەی دەروونی و دیاردەی نواندنی موگناتیسی و خەون و دیاردە دەرونیە ناوازەكان و نەخۆشیە دەرونیەكانن). (قطوس،2011: 61). (فرۆید)ئەم دۆخە دەبەستێتەوە بەسەرەتای گەشەی منداڵەوە،كە خێزان(دایك و باوك)وەك دەزگایەكی سەركوتكەر دەردەكەون بەرامبەر خواستەكانی منداڵ، هەرچەندە زۆرجار خێزان ئەو دۆخە بەگوناهی خۆی نازانێت، بەڵام زۆرجار هەست بەوە ناكات كە هەست و سۆزو تێگەیشتنێكی خودی وتایبەتی لادروست دەبێت، كەهەست بەوە دەكات دایك و باوكی دژی خواستی ئەون و خراپن و ڕێزی ناگرن)). (قەرەچەتانی،2004: 86). جان لاكان دەڵێت:((ئێمە لەسەر گۆشە نیگاكانی ترو تێروانینی ئەوانی تر سەبارەت بەوەی ئێمە كێین ناسنامەمان دەستەبەر دەكەین، ئێمە هەروەكو تر لەڕێگەی نیگای ئەوی تر(other) یان ئەوی تری گەورە ناسنامەمان دەستەبەر دەكەین و وەك دەڵێین دەبینە خۆمان. ئەم ئەوی ترە ئەو پێگەیەی، كە پرسی بوونی سوژە ڕووبەڕووی دەكرێتەوە كەسێكی دیاری هەست پێكراو نییە، ئەگەر چی لەوانەیە لەكەسێكی وادا بۆ نمونە، دایك یان باوك دووبارە بەرجەستە بێتەوە، بەڵكو مەبەست لێی ڕێكو پێكی و نەزمی گەورەیی كۆمەڵایەتیە)). (بێرتێنس،2015: 280). كەواتە مرۆڤ لەیەكتادا دوو بوونی هەیە، بوونێكیان ئەوەیە، كەلەوانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت بەو واتایەی كاتێك مرۆڤ دەبێتە ئەوانی تر، ئیتر بوونێكی باشی هەیە، بەڵام كاتێك مرۆڤ دەیەوێت گوزارشت لەبوونە خودییەكەی خۆی بكات ئەوا لەدیدی ئەوانەوە دەبێتە مرۆڤێكی یاخی، چونكە دەیەوێت گوزارشت لە بوونە ڕاستەقینەكەی خۆی بكات (جۆن ستیوران)باوەڕی وایە، ((دروستكردنی كۆمەڵگە پێویستە بنەماكانی پارێزگاری بەرگریكردن بێت لە خودی تاك(جۆن ستیوران میل)كاتێك بیری بەرگری كردن لە ئازادی ڕادەگەیەنێت، والەئازادی دەڕوانێت، كە تاكەكەس یەكەم مەرجی بەدەست هێنانی خۆشگوزەرانییە، بۆیە ئازادی تاك بەلای ئەمەوە هێندە گرنگە، كە دروستكردنی كۆمەڵگە لای(میل)پارێزگاری كردن و بەرگری كردنە لە خودی تاك)). (میل،2013: 102). مرۆڤی كاتێك دێتە بوون خاوەنی بونێكی ئازادو سەربەخۆیە، بەڵام ئەوكاتەی لەگەڵ ئەوانی تردا دەكەوێتە سەوداو بەرییەككەوتن بەهۆی یاساو نەریتە باوەكانەوە دەبێت پابەند بێت، چونكە لادان لەو نەریتانە لادانە لە ئازادی گشتی و بەزاندنی سنورەكانە. ئالێرەدا دەبێت مرۆڤ لە دووڕیانی(خود)و(ئەوانی تر)دا خۆی هەڵبژێرێت یان دەبێت ببێتە مرۆڤێكی ئاسایی نێو كۆمەڵگەكەی، یان دەبێت ئەنتی یاساو نەریتەكان بوەستێتەوەو یاخی ببێت، ((سارتەر ئاماژە بەوە دەكات هەبوونی مەیلی یاخیبوون یارمەتی تاكەكەس دەدات بۆ گەشەسەندنی سەربەخۆیی، ئەمەش كاریگەری لەسەر كۆمەڵێ ڕەفتار دائەنێت، كەیارمەتی تاكەكەس دەدات بۆبەدیهێنانی ئەوئازادییەی، كەواهەستدەكات لەدەستی داوە)). (ماكدول،2003: 36). كەواتە خودی دیاردەی یاخیبونیش دوو ئەنجامی دەبێت، نەرێنی و ئەرێتی، دیارە ئەوەش تاڕادەیەك پەیوەندی بەئاستی پێگەیشتنی هزرو هۆشی مرۆڤەوە هەیە(( بەپێی بۆچونی(بریم)سێ هۆكاری سەرەكی هەیە، كەكار لەسەر قەبارەی یاخیبوونی دەروونی تاكەكەس دروستدەكات: گرنگی هەڵسوكەوتی ئازاد، ڕێژەی ڕەفتاری لادەرانە، یان لایەنی سەرزەنشت قەبارەی سەرزەنشتكردن: دەبێت لەگەڵ ئاستی یاخیبوونەكە بگونجێت هەتا سەرزەنشتكردن بۆ ڕەفتارەكان زیاتر بێت پلەی یاخیبوونەكە زیاتر دەبێت)).( القیق،2017: 7). **تایبەتمەندی كەسی یاخی:** هەستكردن بەناڕەزایی لەبەرامبەر خێزاندا، لاوازی لەتوانای دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا.ئارەزووبوون بۆئەوكەسانەی، كە دابوونەریتەكانیان ڕەدكردۆتەوە )).(حامد،289،1986).

**لێكەوتە كانی یاخیبونی دەرونی:**

لادان و بەكارهێنانی مادە هۆشبەرەكان و كاری نایاسایی، ڕاڕایی سۆزداری و بەئەنجامی نامۆیی دەروونی و گۆشەگیری، لاوازی لە جێگیر بوون و گوومانی زۆرو نائاسودەیی و ڕەق و حەزكردن بەوێرانكردن و تێكدان هەستكردن بە تاوان، هەڵچوون و لەدەستدانی كۆنترۆڵی خوودی و دەروونی) .(علیان،2004: 90). (( یاخیبوون، یەكێكە لەدیاردە نەرێنیەكانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی)). (التمیمی،2003: 84)

**2-هۆكاری كۆمەڵایەتی:** (داب و نەریتەكان)بوونێكی ئەزەلیان هەیە یان داهێنانی خوودی مرۆڤەكانن؟ ئایا خوودی یاسا كۆمەڵایەتیەكان چییەو لەبەرژەوەندی كێ دانراون، لێرەدا دوو دیدگای دژ سەرهەڵدەدەن هەندێك لەبیر مەندو زانایانی بواری سۆسۆلوجیا پێداگری لەسەر فاكت و گرنگی هەبوونی یاسا كۆمەڵایەتیەكان دەكەن و نەبوونی بەبارێكی ترسناك و هەڵخلیسكانی مرۆڤەكان وێنا دەكەن، هەندێكیشیان داب و نەریت و یاسا كۆمەڵایەتیەكان بەهەبوویەكی داسەپاو زیادو كوشتنی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤی وێنا دەكەن، ((داب ونەریتەكان هەمیشە لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر جیاوازن لەنێوان تاكی

کۆمەڵگەیەکیشدا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جۆرێك لەپابەند بوونەکان جیاوازیان هەیە، بەڵام مرۆڤ کاتێك دێتە بوونەوە بوونێکی ڕووتەو هەڵگری هیچ جۆرە ئایدیاو ئایدۆلۆژیەك نییە، ئەوەی کە کاریگەری لەسەر دروست دەکات بەپێی قۆناغەکانی گەشەی هۆشی خێزان وچواردەورو ژینگەکەیەتی، کەواتە لەبنەڕەتدا هیچ یاساو دیسپلینێك بوونی نییە هەروەك(نیچە )دەڵێت: ((هیچ دیسپلین و پێکهاتەیەك لەدوونیادا نییە، مەگەر ئەوەی ئێمە پێی دەبەخشین)).(باوەجانی،33،2011). لەم بۆچونەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کەیاسا کۆمەڵایەتیەکان وەك ڕێبەرێك بوونێکی فیزیکی نییە لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤەکاندا وەك بەشێك لەو، بەڵکو ئەوە خودی کۆمەڵگەیە بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کەلتوری دەیکاتە مەرجێك بۆ بوونی کۆمەڵایەتی، لێرەوە پێوەرێك دروست دەبێت بۆ ناساندنی مرۆڤی ناوکۆمەڵ، مرۆڤی ناکۆمەڵایەتی نەریتەکان لەڕووی مێژوییەوە دەگۆڕێن و بەگۆڕانێکی زۆر لەسەرخۆو سەختگیردا دەڕۆن، ئەوەش لەڕێگەی شەڕی نێوان نەوەکانەوە مرۆڤ توشی نامۆیی و دابڕاندەکات لەکۆمەڵەکەی. هەربۆیە مرۆڤە یاخیبووەکان لەنێوان بۆچونەکاندا بەش دەبن، هەندێ بەنەخۆش هەندێ بەمرۆڤی ڕەسەن لەقەڵەمیان دەدەن. لەجیهانی ئەمڕۆماندا نەریتەکان زۆرجار وەك کۆسپێك دەوەستێنەوە لەبەرامبەر هزری نوێو پێشکەوتن خوازدا، بەڵامجیهانی نوێ گۆڕانی دەوێت. ((مرۆڤ لەکۆمەڵگای پۆستمۆدێرنیزمدا، بەدوای ئاگای مرۆڤ وماهێتێك ناگەڕێت، بەدوای لەغوکردن و جودایدا دەگەڕێت، لەبەر ئەوەی گشت شتەکان بەهۆی لۆجیکەوە بەڕێوە دەچێت)).(حەمە، 2002: 73). جیهانی نوێ بیری نوێی دەوێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ کلتوری گەلان بەهۆی گڵۆبالیزمەوە زۆر بەخێرایی کاریگەری لەسەر یەك دادەنیت، بەڵام هێشتا نەریتەکان ماناو مەغزای تەواوەتیان لەدەست نەداوە وەك بونێك کاریگەریان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ و دڵەڕاوکێی نەوەکانیش بەڕوونی هەستپێدەکرێت جیلێك هەیە لەهەموو سەردەمە مێژوویەکاندا، کە هەڵگری بەیداخی یاخیبونن، (سارتەر)دەڵێت: ((گەوهەری باوی نێوان خەڵکان لەڕووی پەیوەندییەوە دووبەرەکی و ناکۆکییە، وجودییەکان باوەڕێکی کۆنکرێتیان هەیە مرۆڤ خەمۆکی قوڵی هەیە، ئەو مرۆڤانەی دەڵێن ئێمە هەست بە خەمۆکی و ڕاڕایی ناکەین، یان ئەوانە لەڕاڕایی خۆیان ڕادەکەن یان فێڵ لە خودی خۆیان دەکەن)). (مەعروف،2003: 80). هەرچەندە لەبەرامبەر ئەم بۆچوونانەدا بۆچوونی جیاوازهەیە و داب و نەریتەکۆمەڵایەتیەکان بەفاکتێکی گرنگ دەزانن، وەك تۆماس هوبز(1588-1679)، جان جاك رۆسۆ(1712-1778)، ئەمیل دۆرکهایم:1858-1917، چونکە لەڕاستیدا هەموو بۆچوونەکان ڕێژەین و هیچکام لەوانە ڕەهانین بەباوەڕی ئێمە.

3-**هۆکاری ئایینی:** ئایین بەهەمان شێوە لەناو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا جێگەی دە بێتەوە، ئەم بابەتەش فەیلە سوفانی کردووە بەدووبەشەوە هەندێکیان وەك فاکتێکی گرنگ تەماشای دەکەن و وەك بابەتێکی باوەڕوو پیرۆزی دەبیننەوە، لەبەرامبەریشدا بۆچوونی جیاواز هەیە. ((ئاین، خێزان، دەوڵەت، بەهێزو کارابن باشتر دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو تاکانەدا بسەپێنن، بەمەش ژمارەی ئەندامەکانیان، کە خۆیان دەکوژن لەکەمبونەوەدا دەبن، بەڵام بەپێچەوانەوە مەیلی تاکگەرایی زیاد دەکات و خۆکوشتن زیا دەبێت)). (الحسن،2019: 51) .ئەمەی سەرەوە بۆچوونی (دۆرکاهیم)ە لەسەر ئایین، بەڵام فەیلەسوفانی دیکەی وەك (کارل مارکس و نیچەو هایدگەرو سارتەر) ئایین وەك دەزگایەك دەبیننەوە، کەهۆکارێکە بۆیاخیبون (نیچە) دەڵێت :(( مەسیحیەت دژە ئیرادەی ئازاد و هەست کردنە بەشەرم، مەسیحیەت هاندەری باوەڕ بەسەرکوتکردنی غەریزەکانەو هێزی خولقێنەر لەناودەبات، مەیسحیەت وەکو سیستمێکی ئەخلاقی پێکهێنەری کۆمەڵگەی بێ ڕۆح، وەستاوەو لێهاتوویی تیادا نییە و نکۆڵی لەلێوەشاوەیی و دەسکەوتە مرۆیییەکان دەکات، مەسیحیەت جۆرێکە لە ئەخلاقی مەڕ ئاساییانە، کە ڕاکێشەرو خولقێنەری مرۆڤ گەلێکە کە ڕەشبین و ناکاران)).( مارایی، 158،2015). بەباوەڕی ئێمە ئایین ناچێتە نێو چوارچێوەی دابونەریت، چونکە ئەوە شتگەلێکە لەسەربنەمای باوەڕوو پیرۆزی بونیادنراوە، ئایین لەهەموو قۆناخەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دا ڕۆڵی گەورەو پۆزەتیڤی بینیوە، هەتاهەنووکەش ڕۆڵو کاریگەری خۆی هەیە.

**بەشی دووەم :( جۆرەکانی یاخیبون لەشیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا)**

1-**یاخیبون لە دەسەڵات و ستەمی سیاسی** : سیستمی سیاسی و ئابووری وەك دوو هۆکاری سەرەکی یاخیبون لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، ئەو کاتەی مرۆڤ وەك بونەوەرێك هزری گەشەدەکات و ململانێ دەکات لەسەر بەرژەوەندییەکانی، ئیتر هەر لێرەوە ستەم سەرهەڵدەدات. دیارە ململانی لەهەریەکێك لە قۆناغەکانی کۆمەڵدا لەڕووی فۆڕم وناوەڕۆکەوە جیاوازن، هەر قۆناغێکیان چەندین سەدەی خایاندووە لەڕووی مێژووییەوە تا پەڕیوەتە قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی، ئەوەی پەیوهندی بە قۆناغی کۆمەڵی سەرەتاییەوە هەیە، فەیلەسوفی ماتریالیستی(فریدریك ئەنگڵس)لە کتێبی(بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت)دا دەڵێت: ((مرۆڤ لە سەرەتادا تاکێکی ئازاد بووە هیچ پەیوەست بە نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی نەبووە، مرۆڤ بەدوای ناندا وێڵ بووەو پرسی سەرەکی نان بووە، بەهیچ شێوەیەك پابەندی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی

نەبووە، بەڵام بە دەستی خۆی خۆی گیرۆدە دەکات، چونکە مرۆڤ پێی وابووە ئەگەر لەناو کۆمەڵگەیەکدا خۆی ڕێکبخات لەوانە بێت دەسکەوتی باشتر فەراهەم بکات، بۆیە لەڕێگەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ دەسکەوتی مادی و لەڕووی ئاسایشەوە پارێزراوتر بوو، بەڵام بەدەستی خۆی کۆمەڵێك یاساو نەریتی کۆمەڵایەتی داهێنا، کە دواجار هەوڵی ڕزگار بونی لەو یاساو نەریتە دەدا)).(انجلز،1884: 10 ـ18). لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت، سەرۆك و سوپاو دامودەزگای کۆنترۆڵکراوی کۆمەڵگا(یاسا، زیندان، پۆلیس، باج، سەرانە)ش دروست بوون. مرۆڤ ئەم جارەیان لەو شتانەی، کەخۆی دروستی کردبوون یاخیبوون، دەستی بە شۆڕش و ڕاپەڕین و جەنگی لەدژی ئەو سیستمە کرد ئەمەش قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی بوو((لەسەردەمی کۆیلایەتیدا کۆمەڵگا بوو بە دوو چین، چینێکی دەستەتدار، کە ژیانی لەسەر چەوساندنەوەو زەوتکردنی ئازادی خەڵکی تر بوو، لەبەرامبەر چینێکی بێدەسەڵات، کە خەباتی لەدژی کۆیلایەتی و سەندنەوەی مافی سروشتی خۆی، کە بریتی بوو لەئازادی، هەر لەو ڕۆژەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەو دوو چینە لە ململانێدان، شۆڕشە مەزنەکەی(سپارتا کۆس)لەیۆنانی کۆن، ئامانجی سەرەکی بەدەست هێنانی ئازادی و نەهێشتنی سیستمی کۆیلایەتی و ڕووخانی سیستمی سیاسی ئایینی ئەو کاتەی یۆنانی بوو).(انجلز، 20) قۆناغی دەرەبەگایەتی(فیودیالیزم)لەم قۆناغەدا ململانێی سەخت لەنێوان چینی دەستەڵاتداری دەرەبەگ و چینی ژێردەستە(جووتیار)سەرهەڵدەدات، کە ئەم قۆناغە لە ئەوروپا بەسەدەکانی ناوەڕاست ناودەبرێت و چواردە سەدە دەخایەنێت، تا ئەو کاتەی بزوتنەوەی ڕێنیسانس سەرهەڵدەدات. ((وڵاتانی ئەوروپا بەدرێژایی چەند سەدەیەك لەژێر باری گرانی دواکەوتویی و تاریکی وناڕەزایدا دەیان ناڵاند، تێکڕایی مێژوونووسان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە ئەو قۆناغە ناوبنێن سەدەکانی ناوەڕاست، کەلای هەندێکیان دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەم ولای هەندێکی تریشیان خۆی لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم دەدات، لەدوای سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەندی سەرمایەداری نوێ لە منداڵانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا کەوتە نەش و نماکردن، ئەمەش بووە هۆیەکی بنچینەیی و تادەهات زیاتر بنکەی ئابوریەکەی بەرەو لاوازی و گەندەڵ بوون دەبرد، کۆمەڵانی خەڵکیش تامەزرۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بوون)). (مەزهەر،2006: 25). لەگەڵ هاتنی سەدەی هەژدەو سەردەمی ڕۆشنگەری، سەرهەڵدانی خواستی نەتەوەیی و یاخیبوون لە چەوساندنەوەو گەشەکردنی بیری(تاك) وسەرهەڵدانی تاکگەرایی، شۆڕشێکی مەزن لە ئەوروپا سەرهەڵدەدات، کە ئەویش شۆڕشی فەڕنسی بوو (1789-1799). لە هەمووی گرنگتر ڕۆڵی ئەدەب و نووسینە لەسەرهەڵدانی بزووتنەوە یاخیبووەکاندا لەبەرامبەر ستەمی سیاسی و ئابووریدا)). (مەزهەر،2006: 69). ((هونەر بەگشتی ئەدەب بەتایبەتی بەهەموو ژانرەکانیەوە هەرگیز دا بڕاو نەبووە لەڕووداوە مێژووییەکان و هەمیشە وەك هێزێکی پاڵنەرو جوڵێنەر دەرکەوتووەو ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە کۆڕانکارییە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکاندا، بەتایبەتی لەسەردەمی بوژاندنەوەدا بەرهەمەبەناوبانگەکەی(دانتی)1265-1321ز(کۆمیدیای یەزدانی)(دانتی پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا، کە زمانی نەتەوەیی لەتوانایدایە پاڵ بە میللەتەوە بنێ و گۆڕانێکی بنەڕەتی تێدا پێك بهێنێت، بەو هەڵوێستەشی بووە دیارترین ئەو پێشەوایانەی داوایاندەکرد لەبەرهەمی ئەدەبی دا لەبری لاتینی زمانی ئیتاڵی بەکاربهێنرێت)).(مەزهەر،2006: 70). ((ئەمە جگە لە هونەری نیگارکێش و پەیکەرتاشی کەڕۆڵی گەورەیان لەسەر هزرو دوونیا بینی نوێ دانا بەناوبانگترین ئەو هونەرمەندانەش (لیۆناردۆ دافنشی1452-1519)، (میکائیل ئەنجیلۆ 1475-1564)، (ڕۆفائیل سانتی 1483-1520ز). ئەم هونەرمەندانە بەڕادەیەك کۆت و پێوەندییان پچڕاند هیچ لایەنێکی دیکەی زانستی مرۆڤایەتی نەیتوانی شان لەشانیان بدات)). (مەزهەر،2006: 94). سەدەی هەژدەیەم شۆڕشی فەڕەنسا سەردەم و ڕۆژگاری گۆڕانکارییە مەزنەکان بوو کەبەردەوام هاواری ڕیفۆرم خوازی بەرزدەبویەوە، کەپێشتر باسی ئەو شۆڕشە مەزنەمان کرد، بەڵام ڕۆڵی مەزنی نووسەر و ئەدیبەکان کەمتر نەبوو لە جەنگاوەرەکان، بەتایبەتی بەرهەمەکانی (ڤۆلتیر 1694-1778) و(جانجاك رۆسۆ 1712-1778)،(دنیس دیدرۆ1713-1784)(ئیلهام بەخشی ڕیفۆرم خوازان، بەرهەمەکانی ڕۆسۆ، دیدرۆو ئەو ڕۆشنبیرانەبوو، کە باوەڕیان بە چاکی سروشتی بەشەر، یەکسانی ئادەمیزاد، کەماڵ پەرێزی تاك هەبووە و لەئەنجامدا خەتاکانیان دەخستە ئەستۆی سیستمی باو، لەساڵی 1789 دا خەڵکی کاروبارەکانیان گرتە دەستی خۆ، پەلاماری(باستێل)(ڕەمزی زوڵم و زۆر)یانداو گرتیان، پاشان لەسەر تەختی دەستەڵات هێنایە خوارەوە، لەساڵی 1793 دا پاشا ئیعدام کرا)). (ب.تراویلکە،2008: 110) ڕۆڵی نووسەران و ئەدیبانی(ڕوسی)هیچ کەمتر نەبوو لە ڕۆڵی ئەدیبانی ئیتالی و فەڕەنسی لەسەدەی بیستەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی1917 دژی کۆشکی قەیسەر، بەتایبەتی بەرهەمە مەزنەکەی ڕۆمانی دایکی(مەکسیم گۆرگی)1868-1936) جیهانی ئەمڕۆمان هێشتا نادادپەروەریەکانی بەردەوامە، ستەمی سیاسی، ستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە لەجیهاندا هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی ملیۆنان مرۆڤ، مرۆڤ لەجیهاندا تا هەنووکە لەبرسا دەمرێت، زیندانەکان سیختاخن لەو مرۆڤانەی خاوەن بیروباوەڕی جیاوازن، ڕاپەڕین، یاخیبون بەردەوامە لەبەرامبەردەستەڵاتە تۆتالیتارییەکان. هەڕەشەی جەنگی ڤایرۆسیەکان ئەوەی سەلماند هێشتا مرۆڤایەتی دەستەو سانە لەبەرامبەر دیاردە سروشتیەکاندا ململانێی نامرۆڤانەی بازرگانی کەڵەکە بوونی سەرمایەو پیسبوونی ژینگە ئاماژەی یاخیبونێکی

جیهانیین لەبەرامبەر قۆرخکاری ئابووری و سیاسەتی نامرۆڤانە.ل ەو چورچێوەیەشدا قوبادی جەلی زادە وەک یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی شیعری کوردی زیاتر لە بواری شیعری (ئیرۆتیکی) یەوە ناسراوەو بەیەکێک لە شاعیرە کانی ئەو بوارە دادەنرێت، ئەمەش بۆ خۆی گەورەترین یاخیبونە لە داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەی، کە قوباد لە شاعیرەکانی هاوسەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە ژن بۆتە سەنتەر لە شیعرەکانی دا، هەر لێرەشەوە دەیەوێت دەستکاری هەموو کایەکانی تری کۆمەڵگای کوردی بکات چ لە ڕووی سیاسیەوە بێت یان ڕوانگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، دەتوانین یاخیبونەکەی ئەم شاعیرەبەسەر دوو قۆناغدا دیاری بکەین، بەشێکیان پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسی سەردەمی ڕژێمی بەعسی عەرەبیەوە هەیە و قۆناغی دووەم لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 یەکەوە دەستپێدەکات لەسەر دەستەڵاتی خۆماڵی کوردی، ئەم شاعیرە هەرگیز خۆی نەبەستۆتەوە بە بیرو ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتەوە و هەمیشە لە تێکستەکانیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە خۆی بە کەسێکی یاخی و جیاواز نیشانبدات ئەم حالەتەیش شاعیر زیاتر لە دۆخە یاخییەکەی نزیکتر دەکاتەوە، قوبادی جەلی زادە هەر بەتەنیا شاعیرێکی یاخی نییە، بەڵکو لە ژیانی پیشەیشیدا وەک یاساناسێک و حاکمێک کاری کردووە،ئەو لە سایەی فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسەتدا لە یاساش یاخیبووە و بێدەنگ نەبووە لە ئاست ئەو هەموو کارە نایاساییانەی کە لە پاڵ دەستەڵاتدا کراوە، ئەو بەڕوونی باس لەوە دەکات کە یاساکان تەنیا بەسەر هەژاراندا جێبەجێدەکرێت بە پێچەوانەی بارە تەندروستەکەی هەمیشە تۆڕەکان لەبری ماسیەگەورەکان ماسیە بچکۆلەکانی پێوە دەبێت، ئەم هۆکارەش شاعیری زۆر بێزار کردووە لە پیشەکەی وەک حاکمێک و لەم پێناوەشدا باجی گەورەی داوە، هەر ئەمەشە قوبادی جەلی زادە لە هەندێ نووسەرو شاعیری تر جیا دەکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەسەر هەڵوێستەکانی لە ژیانی پراکتیکیدا باجەکەی داوە، کەواتە ئەوەی قوباد وەک شاعیرێک و لەهەمانکاتدا وەک حاکمێک بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە هەردوو بارەکەدا هەر مرۆڤێکی یاخییە، ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە بەژیانی شاعیرێتی زۆر ئاسوودە تربووە تاوەک دادوەرێک ((لەکاتژمێر 8ی بەیانیەوە تا(2)ی پاش نیوەڕۆ حاکمێکی عەیار بیست و چوارم، بەڵام دوای تەواوبوونی دەوامی ڕەسمی دەچمەوە ناو دونیای خەون و خەیاڵی شاعیریم، ئەو کات بە باڵی هەڵۆیەک لەفەزایەکی بێ سنووردا لەشەقەی باڵدەدەم، کاتی ئیشکردن لە سایا ئەوەندە هەست بە قورسای دەکەم کەوا تیدەگەم کرێکارێکم و بلۆک بۆ قاتی سەدەمینی باڵەخانەیەک سەر ئەخەم، کاتێکیش خەریکی نووسینی قەسیدەیەک ئەبم ئەوا خۆم لە باخێکدا دەبینمەوە، کە گەمەیەکی منالانە لەگەڵ گوڵ و پەپولەدا دەکەم)).(سالح:2010 )

سروشت ڕۆڵێکی هەرە بەرز لە وێنە شیعرییەکانی قوباددا دەبینێت بۆ گوزارشتنکردن و گواستنەوەی هزری شاعیر بە خوێنەر، ئەم ئەزموونە لە لای لەتیف هەڵمەتیش بوونی هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە ئەگەر لای لەتیف هەڵمەت (با) هێما بێت بۆ شۆڕش، ئەوە لەلای قوباد(با) هێمایە بۆ (نێر) باران (بۆ مێ) لەبەر ئەوە ئەم شاعیرە هەمیشە واتای نوێی و تایبەت بە خۆی بەچەمکەکان دەبەخشێت.(( زۆرجاربەڕواڵەت دەچنەناو فیڵدی سروشت لەناودەقی شیعریدا ئاملژەبۆبارێکی دەروونی تایبەت دەکەن)). (حوسێن، 2007: 285). ئەمەش تواناو توانستی شاعیر لەبەرامبەر بەکارهێنانی کەرەستە زمانیەکان دەردەخات هەروەک (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت : (( قوباد خاوەن دەنگ و تایبەتمەندی خۆیەتی لە شیعری کوردیدا و شێواز و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە لەدەستەمۆکردنی وشەو بەرجەستەکردنی ڕستەی شیعریدا )). (صاڵح، 2013: 97). هەر لەم بارەیەشەوە (محەمەد موکری) دەڵێت :((نوقڵانەی لەدایکبوونی قوتابخانەیەکی نوێی شیعری کوردییە)). (حەسەن، 1998: 16). بۆیە لە دەقی (باڵندەی هەشتاکانی گوندێک) . کە ئاماژە دانە بۆ ساڵی هەشتاکان و سەردەمی حیزبی بەعسی عەرەبی، شاعیر لێرەدا ئەم یاخیبونە بە شێوازێکی شیعری و هونەری زۆر بەرزو زۆر دوور لە شێوازی خیتابی و هەڵچوونەوە لەوپەڕی ئارامیەوە لە گفتوگۆیەکی نێوان (باران و کانی) یەوە ئەم یاخیبونەی خۆی لەستەمی سیاسی و دەسەڵاتی (بەعس) نیشاندەداتن ئەم هەڵوێستەش لە پیاو دەسەنێتەوە و جارێکی تر (ژن) دەکاتەوە بە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەی

باران بە کانی گوت ؛  
نەبیت بە بەعسی  
دەنا،  
ئاوەکەت لیخن دەبێت و  
ژنێک بێزی نایەت ،  
گۆزەیەکت لێ پڕ بکات (قوباد، 2018: 545)

لە قەسیدەی (کارتی سپی)، کە قەسیدەیەکی درێژە شاعیر هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە پێماندەڵێت من لەگەڵ دەنگی سپی و کارتی سپیدام و کارتی سپی دەخەمە نێو سندوقەکانی دەنگدانەوە، واتە شاعیر خۆی بێبەریدەکات وەک کەسایەتیەکی سەربەخوو دوور لەئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو لەم دەقەدا خۆی دەناسێنێت، هەروەك خۆهی دەڵێ:((یاخیبون ڕوخاندنی ئەودیوارە پیرۆزەیە،

کەوەك بڤە تەماشای دەکرێت تاکەکەسی هۆشیاری داپڕیوەلە خۆتازەکردنەوەی هزریو ئەقڵی، ڕێیگرتووە لەپرسیاری کەونی وبوون و ژیانو مەرگ)). (جەلی زادە،2020).

من بەژنەکەم دەڵێم:

تۆڕی عەدالەت

پێچەوانەی تۆڕی ماسی

هەر گوناهبارە بچکۆلەکانی پێوەدەبن. (قوباد، 2012، 113)

شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکەیدا ئەو حاڵەتەی، کە بارێکی نا ئارامی دەرونی بۆ دروست کردووە بۆتە بەشێکی گەورە لە خەمە بەردەوامەکانی و لە بەشێکی زۆری دەقەکانیدا ئامادەیی هەیە ئەویش پڕینەوەی یەکێک لەمەمکەکانی خێزانەکەیەتی بەهۆی نەخۆشیەوە، بەڵام شاعیر ئەم خەمەی تەنیا وەک ڕووداوێکی گەورەی مرۆیی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا وێنا نەکردووە، بەڵکو تێکەڵی کردووە بە هەڵوێستە سیاسیەکەی خۆی هەر ئەمەشە، کە ئاماژەمان بۆ کردوو، کە زمانی ڕەخنەی قوباد زۆر جیاوازترە لە زمانی شاعیرانی تر، ئەو هەمیشە چەمک و واتا فەرهەنگی و چەسپاوەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە و واتای نوێ و مانای زۆر جیاواز بەرهەمر دێنێت. ((شیعری قوبادی جەلیزادەلەیەکەم بینیندا لەتەنک دەچێت، بەڵام کە وردتر سەرنجی دەدەیت، لەودیو ئەو تەنکاییەوە قوڵاییەک خۆی حەسار داوە، ئەو ڕوونییەی بەوێنەی شیعرییەکانیەوە دیارە، ڕوونیەکی فریودەرە بۆ ئەو خوێنەرانەی تەنیا توانای بینینی دیوی دەرەوەیان هەیە، ئاخر وێنە هەرە ڕوونە کانیشی پێوستیان بەوە هەیە قوڵ لێیان ڕامێنیت(حەسەن، 2007 : 360 ) . سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەم دەقە نموونەیەکی ڕاست و ڕوونە، کەچۆن لەڕێگەی جەستەی ژنەوە بەرەو یاخیون لە ئایدۆلۆژیاو تاك ڕە هەندی هەنگاو دەنێت و کارتی سپی هەڵدەگرێت لەبەرامبەر ئایدۆلۆجیۆجیەکاندا.

لەسەر سنگی هاوسەرەکەمدا

دووکۆتر دەیانخوێند

لەسەر یەک ڕەحلە دادەنیشتن

پشیەلەیەکی ڕەش، کۆترێکی لێ فڕاند

کۆتری دەسەتە چەپ دەپرسێ : کوا هاوڕێکەی دەستەڕاستم ؟

-نەقڵ بووە بۆ قوتابخانەیەکی تر ،

لەبن کەپرەکانی سەرگەڵوودا خەوتووە .

چووە بۆ کڕینی ستیان

چۆتە بنکەیەکی دەنگدان

تاکارتی سپی، بخاتە سندوقەوە! (قوباد، 2012، 120).

وەک ئاماژەمان بۆ کردووە شاعیر لە ژیانی بەرجەستەدا لەسەر ئەم هەڵوێستانەی باجی داوە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی واز لە ژیانی پیشەیی وەک حاکمێک بهێنێت و داوای خانەنیشنی بکات، ئەم ڕاستیەش لەونامەدا دەردەکەوێت، کە لەدیوانی باخچەکانی مەلەک تاوسدا بڵاوی کردۆتەوە، کە بۆشاعیری کۆچکردووی گەورە (شێرکۆ بێکەس )ی نووسیوە ئەمەش بەشێکە لەو نامەیە، کە تیایدا دەڵێت : (( دیارە زۆر شوورەیی و بەدگۆییە ئێستای دەستەڵاتی کوردی و ئەوسای دەستەڵاتی گۆڕ بەگۆڕی بەعس بخەینەیەک کاتی تەرازووەوە، تەنانەت ناشکرێت بەیەکیان بشوبهێنین، بەڵام ئەو قسەیەی من ئەوە ناگەیەنێت، کە هەر هەمووومان لەبن سێبەری ئەو دەسەڵاتی کوردییە، ئارام و ئاسودە دەگوزەرێین، پێم وایە ئەوەندەی دەستەڵاتی کوردی لەو یەک دووساڵەی دوای سەری لە دووناوم نیو ئەوەندە بەدرێژای دەیان ساڵەی دەستەڵاتی بەعس ئەزیەتەت نەدراوم. لەمانگی سێی ساڵی پارو لە چوار چێوەی مافی ئازادی ڕادەرڕبڕیندا چەند گوتارێکم لەسەر گەندەڵی دەستەڵاتی دادوەری و دادگاکانی کوردستاندا بڵاوکردەوە، کەچی لە شاری سلێمانی و لە داری نیشتە جێبوونی خۆم دورخرامەوە، تا دواجار ناچار کرام پەنا بەرمە بەر لیژنەی پزیشکی و خۆم خانەنیشن بکەم، پێتان سەیر نەبێت هەتا هەنوکەش باجی سەختی ئەو گوتارانە دەدەمر)). (جەلی زادە، 2012: 10). لە دوای ڕاپەڕینەوە لە بەهاری1991لە باشوری کوردستان و دروستکرنی کیانێکی فیدڕاڵ بۆ گەلی کورد لەو پارچەیە، شاعیر درێژەی بە هەڵوێستە یاخیبووەکانی خۆی داوە و هەرگیز چاوی خۆی نەگرتووە لە ئاست گەندەڵی و کارە نالۆژیکیەکان لەم هەرێمەشدا. لە دەقی (گوجیلە سەگ)دا شاعیر بە شێوەیەکی فراوان ئەدگارو دونیا بینی خۆی دەخاتە ڕوو، لەم دەقەدا شاعیر لەکۆی ژیانی بەرجەستەکراو یاخیدەبێت، لەڕووی نەبوونی ئازادی تاک و یاخیبون لە دەستەڵات و لە ڕێکخراوە حیزبی و کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بوون بەسەگەوە، دیارە سەگ وەک ئاژەڵێک لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی جیاوازی بۆ

دەکرێت لەگەڵ ئەوەی سەگ وەک گیاندارێکی بەوەفا ناسراوە، بەڵام لە کلتوری گەلانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و گەلانی موسڵمان بەتایبەتی بە جۆرێک لە گیانداری قێزەون وەسفدەکرێت، کە سەگ بەو هەموو سیفاتە ناشرینەی دەدرێتە پاڵی جێگەی خۆزگەیە، دەبێت مرۆڤی ئەم نیشتمانە بۆ هیوا بەژیانی گیاندارێکی وەک سەگ بخوازێ، بۆیە شاعیر لەدەقەکەیدا هەموو ئەمانە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی و سیستمی چاودێری و سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی .

گەرمن و تۆ سەگ بووینایە
نەتۆ لەڕێکخراوێکی ژناندا، ئێشکت
دەگرت و
نەمن چەکم بۆ حیزب هەڵدەگرت. (قوباد، 2019 : 218)

لە دەقی (دابەشکردنی خیانەت)دا، جیاوازی لە نێوان بیرو هزری حیزبەکانی کوردستان دەکات لەگەڵ خۆی، دیسان ئەم جیاوازیە دەبەستێتەوە بە خۆشەویستی خۆی بە ژنەوە، کە جیهانی خۆشەویستی ژن شەڕی جوانی و پێکەنین و فڕین و ئەوینە، بەڵام شەڕی دەستەڵات شەڕی سەروەت و نائازادییە، ئەمە ئەوپەڕی یاخیبونی شاعیرە لە دەستەڵاتی خۆماڵی کوردی، لە وەڵامی پرسیاریکماندا بۆ کاک قوباد، کە بۆچی لەدەستەڵاتی کوردی یاخی دەبیت لەوەڵامدا دەڵێت : (( یاخیبوون لە دەستەڵات، گەر دەستەڵاتێکی گەندەڵ و سەرکوتکەربوو ئایینی وەک ئامرازی خەفەکردنی ئازادی قۆزتەوە، دەستەڵاتێک پشتی کردە خەڵک و کۆمەڵگەی برسی کردوو خۆی تێر، دەستەڵاتێک تاکە بەرنامەی زەبرو زەنگ و هەڵنانی زیندان و کوشتنی ئازادی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین بوو، هەڵگەڕانەوە لەو دەستەڵاتە بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقی دەزانم، شاعیران دەتوانن دەقە شۆڕشگێر و ڕەخنەگرانەی خۆیانەوە ڕوو بەڕووی بنەوە، بەڵام ناکرێ شاعیر تەنانەت لە دەقە شۆڕشگێرەکانیشدا، شیعریەت فەرامۆش بکات شیعر ئەگەر بوو بە وتار و شیعارات و هات و هاوار دەبێ بەکەف و کوڵێکی کاتی و زوو دادەمرکێتەوە ). (نوری، 2020). بۆیە شاعیر لە دەقی ( دابەشکردنی خیانەت) لەگەڵ ئەوەی دەقێکی زۆر یاخیە، بەڵام بەزمانێکی پڕشیعرییەت و بە ئامادەبوونی ژن و درخت و گەڵاو ئەوین و پێکەنین و هەڵفڕین، ئەو یاخیبونەی خۆی وێنا دەکات .

حیزبەکان بەشەڕدێن
لەسەر؛ بیری نەوت
منارەی ئاڵتونی
لەسەر ئەو درەختانەی گەڵاکانی کورسین
من و تۆ ئاشتی دەکەین، لەسەر
مەزارەکانی ئەوین
پەڕوباڵی هەڵفڕین
ڕەونەقی پێکەنین.( قوباد، 2018: ل55).

لای شاعیر نیشتمان فرۆش لە لەش فرۆش نەشیاوتر و قێزەونتر وێنادەکرێتن ئەم وتەیە تەنیا لای شاعیران قسەو باسی لەسەر نەکراوە، بەڵکو ئەو سیاسی و دەستەڵاتدارانەی شەڕیان بۆ نیشتمان کردووە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی نەتەوەیی ئاماژەیان بەم وتەیە داوە، ئەم حاڵەتەش لای شاعیر گوزارشت کردنە لە هەستە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکەی، بەڵام شاعیر هەرگیز شەرمی نەکردووە لە دەربڕینی هەستە ڕاستەقینەکانی و بۆدەربڕینی مەبەستە شیعرییەکانی هەموو دەمامکەکانی فڕێداوە و بێ دەمامک هاتۆتە گۆ، هەروەک هاوسەری قوباد لە باسکردنی قوبادی جەلی زادەدا دەڵێت: (( قوباد لەژێر تاڤگە بە خوڕەکانی چاوی ژن و لە نێو ڕووبارە سپییەکانی نیشتمان بەڕووی سەمادەکات هیچ ترسێکی لەکامێرای شاراوە نیە، زەمەن بەو هەموو ساختەکارییەوە، نەیتوانی قوباد بخاتە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەی درۆکانیەوە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەمامکدارەکاندا لەشەڕدایە، قوبادی سەرکاغەزو قوبادی سەر شەقامەکان هەر یەک قوبادن)) . (میهرداد، 2007: 14) .هەر وەک دەڵێت :

چێژ فرۆش دەیدا،
بەمشتێک گەنم بۆ پۆلێک چۆلەکە
وەتەن فرۆش دۆلارەکان دەدا!
بە چڵپاو.بە سەر شۆڕی
بەزەلیلی.. بە بێ شەرەفی
بەگو		(قوباد، 2019: 136).

**2-یاخیبوون لە نیشتمان:**

نیشتمان شوێنگەی یادگاری و یادی منداڵی و هەموو قۆناغە جوانەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، جگە لەوەش جێگەی سەنگەر و خەباتە دژی داگیرکەران و نەزرگای باوباپیرانیشە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تاڵی و شیرینیانەدا، مرۆڤ زۆرجار یاخیدەبێت و سەریخۆی هەڵدەگرێت و بەدوای نیشتمانێکی نوێدا دەگەڕێت، یان بەوێنە خەیاڵییەکانی دەیان جار ئەم نیشتمانە دەڕووخێنێت و سەر لە نوێ بونیادی دەنێتەوە (قوبادی جەلی زادە) لەگەڵ ئەو هەموو سۆز و میهرەبانی و هەڵوێستەی دژی نەیارانی ئەم نیشتمانە دەریبڕیوە، بەڵام لەهەندێ وێستگەدا تا سەر ئێسقان لەم نیشتمانە یاخی دەبێت و دەیڕوخێنێت و سەر لە نوێ چێی دەکاتەوە، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین و ئەو هەڵوێست و ئاستە ڕۆشنبیرییەی لە کوردستانی باشوور گەڵاڵە دەبێت پاڵنەرێکی زۆر گەورەیە بۆ یاخیبونی شاعیر، وەک خۆی دەڵێت: ((ئەگەر بەگشتی سەیری لایەنی کلتوری و فەرهەنگی کوردی بکەین دەبینین کۆمەڵێک نەسەق و دیاردەی زاڵی تیادا باڵادەستە و ڕەنگیداوەتەوە، زیاتریش سەرچاوەکەی هەڵسوکەوت و نەریت و ژیانی ڕۆژانە و زۆرجاریش یاساکان دەبنە خەوشێکی تایبەت لێرەوە نایەکسانی و ناڕۆشنی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە و هۆکارەکەشی باڵادەستی گوتاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئێمە لەم ڕووەوە بتوانین بۆ چوونەکانی خۆمانی تیادا دەربڕین و بیسەلمێنین، کە فەرهەنگی کوردی لەم سەدەیەدا پێویستی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەم نەسەقە زاڵانە هەیە)).(حمە ئەمین، 2009). لە دەقی (گەلحۆ)دا، کە هەر ناونیشانی دەقەکە خودی ماناو مەبەستە شیعرییەکەی شاعیر هەردوو ناوی(هەتیو )و (بێوەژن) وەک دوو حاڵەتی مرۆڤایەتی دەکاتە هەوێنی یاخیبونەکەی لە نیشتمان، ئەم دوو حاڵەتەش شتێکی نۆرماڵ و دۆخێکی سەرسوڕهێنەر نیە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی شاعیرە لەم نیشتمانەدا خەڵک هەتیوو دەکرێت خەڵک دەکرێتە بێوەژن، بەشەڕە دروستکراوە نادادپەروەرییەکانی ناوخۆ، بەدەربڕینی ڕەخنەو ناڕەزایی، ئاخر بێوەژن بوون لەم نیشتمانەدا تەنیا لەدەستدانی مێردێک نیە، بەڵکو ژن لە ڕووی کەسایەتیەوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارە کۆمەڵایەتی و نەریتە باوەکان، خۆ هەتیو کەوتن لە نیشتمانەدا تەنیا لەدەستدانی باوک نیە، بەڵکو لەدەستدانی خەونەکانی منداڵی و کەوتنەسەر شەقامە بێ ڕەحمەکانی شارە، بۆیە شاعیر یاخیدەبێت لە نیشتمان.

مرۆڤم

مرۆڤ!

ئەو جەنگاوەرە نەگریسەی

خۆم کردووە بە ساقەی نیشتمانێک

کە هی بێوەژ و هەتیوە (قوباد،2020: 81).

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی بۆ لە نیشتمان یاخیدەبیت، ئەو نیشتمانەی تۆ لە هزردا وێنای دەکەی کامەیە، شاعیر دەڵێت : ((ئەو نیشتمانەی من خەونی پێوە دەبینم، ئازادی تاکەکەسی تیا دا ئازادیەکی ڕەهای بێ قەید و شەرتە، دوور لە هەموو لەمپەرو کۆسپ و تەگەرەیەک، دیارە بەڕەچاوکردنی پرەنسیپی : ئازادی تۆ کۆتای دێت، کە ئازادی بەرامبەرکەت دەستپێدەکات. عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیادا بەرقەراربێت یاسا سەروەربێت، جێگەی هەموو ڕەنگەکانی تیا بێتەوە، هەموو دژبەیەکەکان لە باوەشی خۆیدا کۆبکاتەوە، نیشتمانێک قوتابخانەی تیا زیاتر بێت لە زیندان، هاونیشتمانی تیا ئازادبێت، تاک بۆی هەبێت ناسنامەی نەتەوەی خۆی بگۆڕێت، هیچ یاساو ڕێسایەک بوونی نەبێت کە ژن لە پیاو جیابکاتەوە لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە ڕێگە بۆ ژن خۆشبکرێت کە بە پێی توانای خۆی بگاتە لوتکەی دەستەڵات چ لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتدا چ لە نێو دەستەودایەرەی حزبدا)). (نوری، 2020) . کوشتنی ژن ئەو دیاردە ناشرین و نەگریسەیە، کە هەتا هەنووکەش لە نێو خۆرهەڵاتی ناویندا بنەبڕ نەکراوە و لە هزری هەندێ لەپیاوانی ئەم نەتەوانەدا بوونی هەیە و ڕۆژانە لە هەواڵی تیڤی و ڕۆژنامەکاندا چەند جار بەر ئەم دیاردە نامرۆڤانە دەکەوین، بەداخەوە لە کوردستانیشدا هەتا هەنووکە ئەم دیاردە نا پەسەندە باوەو درێژەی هەیە، هەتا هەنوکە ژنان بەشەرەف و کەرامەتی پیاو و خێڵ و عەشرەت پێناسە دەکرێن و دەبنە قوربانی دەستی خودی پیاوان خۆیان، ئەم هۆکارانە وای کردووە، کە لەلای ئەم شاعیرە خودی (ژن) ببێتە سەنتەرو مەبەستە شیعرییەکانی لە دەقی (ژنکوژ)دا، شاعیر نیشتمانەکەی هەڕاجەدەکات و دەیفرۆشێت. ((لە ئەزموونی شیعری قوبادی جەلی زادەدا، جەستەی ژن سەنتەری وەک شۆڕشێک لەبەرامبەر واقیعێکی ڕەتکراوە خراوەتە ڕوو)). (حەمە : 8). لەم دەقەدا کارەکتەری (چارلی چاپلن) وەک هونەرمەندێکی بەناوبانگی نواندنی کۆمیدی بوونی هەیە، ئەم ئامادەییە ئاماژەدانە بە ئەلتەرناتیڤی ئاوەز لە بەرامبەر بێ ئاوەزی کۆمەڵگەدا، ئەلتەرناتیڤی نیشتمانێکی ئازادە لەبەرامبەر نیشتمانێکی سیخناخ بە ئازار داگیرکردنی هەست و ئارەزووەکانی تاکی ئازاد، چارلی چاپلن لە ڕێگەی کۆمیدیاوە ئاماژەی بە هەموو تراژیدیاکانی مرۆڤایەتی دەکرد

لەسەرتاسەری جیهاندا بۆیە (پێڵاو گۆچان و شەپقەی ) چارلی ئاماژەگەلن بۆ (هۆشمەندی و ئاشتی و یەکسانی ) لە دیدی قوبادی جەلی زادەوە...

نیشتمانەکەم دەفرۆشم
دەیدەم بە ؛
پێڵاو..گۆچان..شەپقەکەی چارلی
بەشەبقەو
گۆچان و
پێڵاوەکەی چاپلن،
نیشتماێک دەکرم
نەگەمژەی تیابێ
نەشەڕ دۆست و
نە ژن کوژ (قوباد، 2018: 487).

3-**یاخیبون لە داب و نەریت**: بەپێی ئاستی ئاوەزو ئەنتۆلۆژی هەرکۆمەڵگایەك کۆمەڵێك دابوونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، هەندێکیان داهێنراوی خودی کۆمەڵگەن، وەك ڕەیوڕەسمی هاوسەرگیری، جۆری پۆشینی جل وبەرگ، ئەوپرۆسانەی لە گەڵ لەدایك بوون و مردندا بەڕیوەدەچێت... هتد، هەندێکیشان ڕەمزو پیرۆزی ئاینین، وەك بەڕیوەچوونی جەژنە ئاینیەکان، لای گەلانی موسوڵمان تایبەتمەندی خۆی هەیەو لای مەسیحی و گاورو ئێزدی و کاکەیی شێوازی تری هەیە. ئەم نەریتانە هەندێکیان پێویستن، چونکە مایەی ئاشتەواین، وەك جەژنی قوربانی پیرۆز ، کەمرۆڤایەتی ڕزگار کرد وەك قوربانی، بەڵام دیاردەی نەریتی بەبتکردنی خودی مرۆڤ و پەرستنی یان دیاردەی کوشتنی ژن وەك قەرەبووی شەرەف، ئەمانە هەمووی تایبەتن بە خوودی میللەتەکان خۆیان. لەهۆکارەکانی یاخیبوندا بیرو بۆچوونەکانمان بە پێی سەرچاوە ڕونکردۆتەوە. یاخیبون لە داب و نەریت ئەو ڕەخنە قوڵ و ڕیشەدارایە، کە بە شێوەیەکی زۆر قوڵ لە ناو دەقەکانی قوبادی جەلی زادەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم گوتارەش لە داکۆکیکردن لە (ژن)وەک مرۆڤ و هاوبەشێکی ڕاستەقینە لەمافەکانی لە بەرامبەر پیاودا بە شێوەیەکی سەنتریزم خۆی مانیفێست کردووە، ژن ئەو گوتارە باڵایەیە لە دەقەکانی ئەم شاعیرەدا، کە لە ڕێگەیەوە لە کۆی داب و نەریتەکانی خێڵ و عەشرەت و ئەو هزرە کۆنە خوازەی لە بەرامبەر ئافرەتدا بەرجەستە دەکرێ یاخیدەبێت((پێدەچێت لە ئەندێشەی شاعیر دا گوتاری (ژن) ویستن وەک هەنگاوی یەکەمی ڕەتکردنەوەی بەهاکانی سیستمی سیاسی دوای ڕاپەڕین بێت، وەک چۆن دەشێت هەنگاوی یەکەمی شکاندنی ئەو قەفەسانەبێت، کە هێشتاکە ئەندێشەی خێڵ پاسەوانێکی چالاکیەتی، ئەم شاعیرە هەڵدەستێت بە شکاندنی زنجیرە ئاسنینە زەمانییەکان لە ڕێگەی فڕێدان و لەناوبردنی هەندێک لە ئەندامانی جەستەی ئافرەتەوە)) .( حەمە، 13). لە دەقی شیعری (پیاوانی عەشرەت) شاعیر زۆر بە ڕوونی باسی هەڵوێست و بیرکردنەوەی بیری عەشرەتگەرایی لە کوردستان وێنا دەکات، عەشرەت بەمانای کۆمەڵێک خەڵک نا کە خەڵکی ناوچەیەکن و شانازی بە زێد و ناوچەی خۆیانەوە دەکەن، بیری عەشرەت وەک ئەو بیرەی کە لە ژێر داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایەتیەکان لە هەموو بەهاکانی ژیان دەڕوانن، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە هەتا هەنوکەش لە نێو بەشێک لە عەقڵیەتی خەڵکی هەموو پێوانەو پێوەرەکانی شەرەفی پیاوەتی پەیوەندی بە پارچەیەک لە جەستەی ژنەوەیە، تا ڕادەیەکیش وەک یاسایەکی باوی کۆمەڵگە و بنەمایەکی بنەڕەتی ناسراوە و ڕۆژانە لە ژێر ناوی پاراستنی ئەم شەرەفە ژن کوشتن بۆتە دیاردەیەکی زۆر ساناو پەیڕەو دەکرێت، هەر بۆیە شاعیر لەم دەقەدا بەراوردێک لە نێوان خۆشەویستی و کوشتندا دەکات لە باگراوندی عەقڵی پیاوانی عەشیرەتەوە، ئەو کاتەی خۆشەویستی و مێخەک یاساخ دەکرێن و چەک و فیشەک و کوشتن خەڵاتدەکرێن، لەهەمان کاتدا ئاماژەدانە بۆ ئەو قۆناغەی ئاستی هۆشمەندی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی لەسەدەی بیست و یەکەمدا :

کە گوڵێکی مێخەک،
دەدەم لە بەرۆکت ،
پیاوانی عەشرەت،
سنگ پڕ دەکەن، لە ژیلەمۆی چەک.
کە لە نەرمایی سینگتدا
دەمانچەکەم ،

خاڵی دەکەمەوە لە فیشەک

پیاوانی عەشرەت

یەک،یەک

ناو لەپم پڕدەکەن لە گوڵی مێخەک (قوباد، 2019: 100).

لێرەدا شاعیر زۆر بە جوانی وێنەی گوڵی (مێخەک )لە دوو ڕەهەندی جیاواز دا پیشاندەدا هەمان گوڵ و هەمان بۆن لە جارێک دەکرێتە دیاری و ئەم گوڵە دەکوژرێت و دەدرێتە بەر ئاگری چەک، لە ڕەهەندێکی ترەوە هەمان مێخەک لە بەرۆکی بکوژان وەک سەروەری و پارێزەرانی شەرەف دەدرێت . شاعیر لە دەقی (گوجیلە سەگ) دا، جارێکی تر ئەم ئازادیە لە ژیانی سەگە بەرەڵاکانی شەقامی شاردا دەدۆزێتەوە، دەڵێت ئەگەر تۆ سەگ بویتایە ئیشت چی بوو لە نێو سەنتەرەکانی ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکی لە ژنان دەکەن، ئەوە ڕوونە لە هەرجێگایەک ڕێکخراوێک لە ژێر هەر ناوێکی پاراستنی خەڵکدا ئیتر لە ژێر هەرناوو بۆ داکۆکی کردن بێت لە هەر توێژێکی کۆمەڵ، ئەوە مانای نەبوونی ماف و ئازادیە لەو شوێن و جێگەیەدا لەبەر ئەوەی، کە سەگ لە بۆ هەمان پۆل و هاوڕەگەزەکانی خۆی هیچ جۆرە سانسۆرێکی نەریت و کۆمەڵایەتی لەسەر نیە، هیچ پێویستی بەڕێکخراوێک نیە تا داکۆکی لە ئازادییەکانی بکات:

گەر سەگبووینایە

نە تۆ لە ڕێکخراوێکی ژناندا، ئیشکت

دەگرت و

نە من چەکم بۆ حیزب هەڵدەگرت

گەر من و تۆ سەگ بوینایە ،

کەس چاودێری مۆبایلەکانی نەدەکردین

سەد جاسووس، بە دوامانەوە نەدەبوو (قوباد، 2019:ل218).

لە دەقی (بەردو دوعا) شاعیر ئەو دۆخە تۆقێنەرو تراژیدیەی کوشتنی کیژێکی کورد لە نێو بەرد بارانی ئاپۆڕای پیاواندا نیشان دەدات، کوشتنی دووعا هەڵگری ئەو باگراوەندە هزرییەیە، کە لە نەریتی ڕابەڕانی کۆمەڵایەتی و خێڵ گەرایو مەزهەب گەراییە وە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش ململانێ لە نێوان دوو جیل نیشاندەدات جیلێکی نوێ، کە خۆشەویستی لەسەر و هەموو بەها کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە ناوچەگەری و خێڵگەراییەوە دادەنێت، جیلێکیش هەتا هەنوکە پاسەوانی بیری کۆن و تۆخکر نەوەی کەلێنی دووژمنکارانەو پێکەوە نەژیانی نێوان ئایین و ئاینزاکانن، خۆشەویستی لە نێوان دوو ئایینی جیاوازدا نابێت و دروست نییە، ئەوە ئەو باوەڕە نییە کە دووعاکان باوەڕپانپێیەتی، بەڵکو ئەوە ئەو شەرعێت پێدانەیە، کە لە لایەن پارێزەرانی بیری کۆنەوە دەپارێزرێت، شاعیر دەڵێت ئەو بەردانەی کە هیچ سۆزو هەستێکیان نیە، لە لایەن میری خێڵ و مەزهەبەوە بە پیرۆز دەکرێت کە جیهانی مێینەکانی پێ لە بەیندەبرێت، دیسان شاعیر ئەو جیاوازییەمان پیشاندەدات، کە هەمیشە مێینەکان دەبنە قوربانی و نێرینەکانیش لە سایەی بیری پیاو سالاری لە دەرەوەی قوربانییەکانن:

میر گوتی

جوانترین بەرد ئەو گاشە بەردانەن

کە لە فیچقەی خوێنی دووعاکاندا سوور دەبن

پیرۆزترین بەرد ئەو بەردە (ڕەشانەن).

کە لە کەللەسەری دوعاکاندا وردو خاش دەبن (قوباد، 2007: 121).

**4-یاخیبون لە ئایین :**

یاخیبوون لە ئایین زۆر جار و لای هەندێ نووسەر یان شاعیر ڕەتکردنەوەی سەراپای گوتارە ئایینیەکانە و زۆرجاریش ڕازیبوونە بە هەندێ گوتار و ڕەتکردنەوەی هەندێکی تریەتی، زۆرجار باوەڕ نەبوونە بە خودی هەبوونی ئەفرێنەر (خالق) و زۆرجاریش هاوارو ناڕەزاییە لە ئاست بێدەنگی ئەفرێنەر لە ڕووداوەکان، بە هەمان شێوە شاعیر یاخیبون و باوەڕ نەبوونی خۆی بە چەمکی فرە ژنی دەخاتە ڕوو لە شیعری (فرە ژنی) . شاعیر لەم دەقەدا لە دیدێکی کۆمیدییەوە یاخیبونی خۆی بۆ فرە ژنی دەخاتە ڕوو، شاعیر نەهاتووە باسی ئەو دۆخە بکات کە بەهۆی فرە ژنییەوە دروست دەبێت، بەڵکو لەوێنەی (کەڵەشێرێک) دا، ئەم دۆخەی نیشانداوە و چەمکی (ڕەدووکەوتن) بەکاردەهێت واتە چەمکی فرە ژنی لە دیدی شاعیرەوە وەک ڕەدووکەوتن پێناسە دەکرێت، ڕەدووکەوتنیش

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بە تایبەت لە کلتووری گەلی کوردا بارێکی ناجۆر و جۆرێکە لە بابەتێکی نا ئابڕوومەندانە، گوزارشتکردن بەکەڵەشێرو مریشک دیسان دۆخێکی نا ئاوەزی لای شاعیر دروست دەکات، کە شاعیر پێی وایە ئەمە دیاریدەیە بە ئاکار و ئاوەزی مرۆڤایەتی نامۆیەو دۆخێکە زیاتر پەیوەندی دارە بە جیهانی ئاژەڵان هەروەک شاعیر خۆی دەڵێت : ((بە ئیشی خۆم زانیوە ڕووحم بیرم هەڵسوکەوتم لە کەلتوورە (پیرۆزە)کان دا تەکێنم خودێک بدۆزمەوە، کە بریتیە لە خودێکی پەتی بەدەر لە ئاسەواری ئەوانی تر، کە لەکلتور و ئایین و بۆماوە بە پیرۆز دەزانن، من باوەڕم بە هیچ یاسا و ڕێسایەک نیە کە پیاو لە ژن جیا بکاتەوە لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە بە هەموو جۆرێک ڕێگە لە فرە ژنی بگیرێت). (نوری، 2020). هەروەک شاعیر دەڵێت :

پێنج شەش مریشکی جوانکیلە
ڕەدووی خۆم دەخەم (قوباد، 2007: 34).

پاشان ئەو حاڵەتە دەردەخات، کە فرەژنی جگە لە هەوەسێکی سێکسی هیچی تر نیە :

هەر جارە بە یەکێکیاندا دەتسم
تکایان لێدەکەم
هێلکەی دوو زەردێنە بکەن (قوباد، 2007: 35).

هەروەک لە دوا دێری شیعرەکەدا مەبەستی خۆیمان بۆ دەردەخات، دوای ئەو وێنە کۆمیدییەی لەبەرامبەر فرە ژنی وێنای کردووە، ئەمەش لە ڕووی ئایینیەوە یاخیبونە و دەرچوونە لە یاسا و پرەنسیپە ئاینییەکان:

هەفتەیەک دەبم بە کەڵەشێر
بەڵام؛
بڕوام بە فرە ژنی نییە (قوباد، 2007: 35).

لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ شاعیر دەربارەی چەمکی پیرۆزکراوەکان بەم شێوەیە بۆمان دوا ((لە شیعر نوسیندا، هیچ شتێک بە بڤە نابینم، شیعر لە نێو کێڵگەی میندا دەپەڕێتەوە هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنێت، لە دەرگای بوون و مەرگ و خودا و پیرۆزیەکان دەداو پێی وایە پیرۆزی موتڵەق نییە، شیعر دەبێ ئەو جورئەتەی تیابێت بەرگە پیرۆزەکان لە پیرۆزییەکان داکاڵێت و ڕوتیانبکاتەوە و حەقیقەتە شاراوەو ڕوپۆشکراوەکان بخاتە بەر چاو، هیچ شتێک نییە کایەی شیعر نووسین نەبێ، ئێمە پێمان وایە وەک چۆن زوو زوو یاساکان بە پێی گۆڕانکارییەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرهەم هێنان و بەروە پێشچوونی کۆمەڵگا تازە دەکرێنەوە، ئاواش دەبێ دەقە (پیرۆزەکانیش) تازە بکرێنەوە، دەنا ئێکسپایەر دەبن و دەپوکێنەوە و دەمرن، شیعر بە بێ ترس ڕوو دەچێتە کتێبە پیرۆزەکانیش و بتەکان دەڕووخێنێت)) . (نوری، 2020). لە شیعری(خاچ) دا شاعیر ئەم جارەیان بەراوردێک لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحیدا دەکات، بەڵام ئەو نەهاتووە لە ڕوانگە مێژوویەکەوە بەراوردیان بکات لە ڕووی شەڕەکان و ئەوڕووداوانەی، کە گیانی هەزارانی لەناوبردووە، شاعیر نەهاتووە بەراوردەکەیان لە ڕێگەی خودی موسڵمان و مەسیحیەوە بکات، بەڵکو لە ڕووانگەی ئایدۆلۆجیا ئاینییەکەیەوە یان فەلسەفەی خودی ئایینەکەوە ئەم بەراوردەی کردووە، کە لێرەدا ئایینی ئیسلامی بە توندڕەو و ئاینی مەسیحی بە میانڕەو وەسفکردووە چونکە، لە ڕاستی دا ئەگەر ئەم بەراوردە لە ڕێگەی فەلسەفەی ئایینەکانەوە نەکرایە، ئەوە دەبوو شاعیر ئاماژەی بەو قەتڵ و عامەی مەسیحیەکان بکردایە، کە بە درێژایی چواردە سەدە بەسەر ئەووروپایاندا هێنا. لە هەمانکاتدا بۆ ئێمە جێگەی ڕەخنەدەبوو، بەڵام ئیتر ئەوە پەیوەندی بەخوودی شاعیرەوە هەیە، لە بەشی یەکەمی دەقەکەدا کۆترەکان، کە هێمان بۆ ئاشتی ناتوانن لە سەر منارەی مزگەوتەکان درێژەبە ئارامییەکانیان بدەن و هەڵدەفڕن

سپێدەبوو
لەسەر گومەزی مزگەوتێک
پۆلێ کۆتری سپی و شین
هەڵکورمابوون، لەپڕ لەگەڵ
((الله اکبر) ی مۆزیندا ڕاچەڵەکین
لەشەقەی باڵیانداو فڕین
فڕین ... فڕین (قوباد، 2018: 129)

بەڵام لە بەشی دووەم و کۆتایی دەقەکەدا، ئەم ئارامییەیان لەسەر باڵی(سەڵیبی)کلێسایەک بۆ دەدۆزێتەوە، خودی(خاچ )هێمایە بۆ زوڵم و ستەم بەرامبەر(مەسیح) لێرەدا ئەو وتە بە شاراوەیی بوونی هەیە، کە دەڵێت: ((مەسیح وتویەتی ئەگەر زلەیەکیان لە لای ڕاست دایت، ئەوە لای چەپیشیان بۆ بکەرەوە، بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا هەموو شتێک بەرامبەری هەیە هەروەک(العین بالعین). کەواتە کۆی مەبەستی شاعیر لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە فەلسەفەی ئایینی مەسیحی لەسەر بنەمای لێبووردن بونیاد نراوە و ئایینی ئیسلام لەسەر بنەمای تۆڵەن ئەمەش ڕەنگە هەر بە تەنیا پەیوەندی بە خودی ئەم شاعیرەوە نەبێت، بەڵکو ئەوە جەدەلێکە کە بەسەدان ساڵە بوونی هەیەو هەتا هەنووکەش ئەم بوونە بەردەوامی هەیە، هەرچەندە شاعیر لێرەدا نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بپارێزێت، بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە شاعیر لە چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵێدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم حاڵەتەش دەچێتە نێو ئازادی تاکەکەسەوە، هەروەک لە کۆتایی دەقەکەدا ئەم ڕاستیە نیشاندەدات وەدەڵێت:

تالەسەر باڵیٚ سەڵیبی کلێسا یەک
هەڵنیشنەوەو
جارێکی تر
ئارام ئارام
پۆلە کۆتری سپی و شین
چونەوە ناو خەوی شیرین (قوباد، 2018:129)

**5-یاخیبون لە (بوون):**

کاتێك قسە لەسەر بوون دەکین مەبەستمان لە بوونی مرۆڤە لەژیانی مادیدا، بەواتا جیهانی فیزیکی نەك میتافیزیك، هەروەك فەیلەسوفی وجودی(هایدگەر) چەمکی *(دازاین) بۆئەم مەبەستە بەکار دەبات. ئەوەی پەیوەندی بە یاخیبونەوە هەیە لە بوون (وجود) تا ئەو شوێنەی ئێمە شیعرو بەرهەمی شاعیرانمان خوێندبێتەوە هیچ شاعیرێکم بەردید نەکەوتووە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم هەبوونە ڕەتنەکاتەوە، ئینجا هەر یەکەو بەجۆرێک هەریەک لەڕەهەندی بیرو هزری خۆیەوە، ئەگەر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا و لە لای (مەحوی )ئەم جیهانە تیا تڕۆیێت و سەراب بێت، ئەوا لە شیعری نوێی کوردیدا کێشەی نەتەوە و نەبوونی ئازادی تاک و دەیان کێشەی تر مرۆڤ بەرەو یاخیبون دەبەن لەم جیهانەو جیهانێک لە نێو خەیاڵدا و شیعرەکانیاندا بەجۆرێکی تر وێنادەکات، ئەوی تریش جیهانی باڵا لە جیهانەکەی تر دەبینێتەوە و ئەم دوونیایە بەکاروان سەرا دەبینێت هەندێکیش بەچەک و بێڵ ئەم جیهانە دەڕووخێنێت و شۆڕش دەکات لە پێناو بوونێکی باشتردا، بەڵام شاعیر نایەوێت تەسلیم بەو هەڵوێستە نەرێنییە بێت و خۆی بدات بە دەستەوە درێژە بە بیری یاخیبونی دەدات و بۆ ئاسۆ بەڕوونی دەڕوانێت، ئەو پێی وایە تاریکەشەوی ستەم و ناداتی کۆتایی دێت، هەرچەندە هەردوو حاڵەتەکە لە شیعرەکانی دا بوونی هەیە، هەندێ جار شاعیر لە بەرامبەر چەقبەستووی یاسا و نەریتەکان و ستەمە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسیەکاندا چۆکدادەدت، ئەمەش تاڕادەیەک دیاریدەیەکی ئاساییە، مرۆڤ کاتێک بانگی یاخیبون و شۆڕشدەدات لە بەرامبەر دیاردە دزێوو ناشرینەکانی ژیان و بووندا و داوای ژیانی باشتر و شایستە تر بۆ مرۆڤ دەکات، بەڵام هەمان ئەو مرۆڤانە ئامادەییان نییە و ئەوژینە بیٚ مانایە وەک باجێکی ئەزەلی دەبینن ئەوە ئاساییە مرۆڤی یاخی توشی بێهیوایی ببێت، لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ قوبادی جەلی زادەدا لەوەڵامی پرسیارێکمان دەربارەی ئەوەی لە کام دەقدا زۆر یاخیت، ئایا ئەو بوونەی (وجود)ەی ئێوە ڕەتیدەکەنەوە و بونێکی دی بونیاد دەنێت چیە و چۆنە، دەڵێت: (( ناتوانم کۆمەڵە شیعرێکم لەوانی دیکە جیا بکەمەوە و پێی بڵێم، ئەم کۆمەڵەیان یاخیبونترینیانە، چونکە دەقە یاخییەکان بەسەر تەواوی کۆمەڵە شیعرییەکاندا دابەش بوون، بەڵام دیارە ئەو دەقانەی شەڕم بۆ دەنێنەوە شانە نووستووەکانی گەمژەیی و خەرافەت وەدەنگ دێنن ئەوە دەقە زۆر یاخییەکانن، کە هەندێ جار دەبنە هۆی ئەوەی دەست بەسەر کتێبم دا بگیرێت بدرێم بە دادگا، وەک دەقی : شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، خوا دەیوێت پشووبدات، مزگەوت ماڵی خودایە، وەرە بابین بە سەگ، ئەوە جگە لە دەقە ئێرۆتیکیەکانم کە هەموویان یاخیبونن لەو عەقڵەی جەستە بە عەورەت دەناسێ و قسەکردن لە جوانی لەش بەگوناهی گەورە دەزانێ، ئەو بوونەی من خەونی پێوە دەبینم ئازادیەکی ڕەهای بێ قەید و شەرت بێت دوور لە هەموو لەمپەر و کۆسپێ )). (نوری،2020). لە شیعری (مەترونیو) بەرشێوازێکی نوێی یاخیبون دەکەوین لە لای شاعیر، کە ڕەنگە تا ڕادەیەك نامۆبێت بەهزری ئەم شاعیرە، بەڵام ئەوە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە، کە شاعیریش لە ئەستێرەیەکی جیاوازەوە نەهاتووە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کوڕی هەمان ژینگە و ئەو کلتورەیە، کە تیایدا پەروەردە بووە، شاعیر لەم دەقەدا بەدووشێوە لەم بوونە یاخیدەبێت، جارێك ژیان و خۆشبەختیەکانی دەبەستێوە بە قۆناغی منداڵیەوە، ئەوەش ڕوونە مرۆڤ لەو قۆناغەدا ڕووی

ئاوەزەوە کامڵ نەبووەو تەنیا خەون بە خواستە مناڵانەکانیەوە دەبینێت، دووەم گەڕانەوەیە بۆ مردن، مردن هەمیشە لەبەرامبەر بێ هیوابووندا باشترین وێستگەیە، کە کەسێك ئاسوودەی بە مرۆ دەبەخشێت وەك ئەوەی دەڵێت، جا مادەم مردن هەیە، ئیتر ژیان چیە، خۆشیەکان چین، با ئەو هەرزوڵم بکات، با ئەو زەنگین بێت و من هەژار با ئەو ئاغابێت و من مسکێن، کەواتە ئەم یاخیبونەی شاعیر هەمان یاخیبونی میتافیزیکیە وەك سۆفیەك ژیان و بوون ڕەتدەکاتەوە هەرچۆن (مەحوی) دەڵێت ژیان پوچی و سەرابە، قوبادیش دەڵێت مرۆڤ کاتێك لە منداڵیەوە گەورە دەبێت و دەبێتە خاوەنی هزرو ئاوازە، ئیتر تێدەگات ژیان پوچیە، چونکە کۆتاییەکەی نەمان و فەنابوونە:

زەوی وەکو
ئاوات و خەونی مناڵی..
بەهەشتێکی بێ سنورە
من تیایا،هەر مەتر و نیوێك شك دەبەم
لەماڵەکەم نا..
لەگەڕەکەکەم نا، لە شارەکەم نا...
لەداوێنی گۆڕستانێ (قوباد، 2007: 146).

لە دەقی (منداڵەکەم لێم دەپرسێ) دا،شاعیر بەوێنەیەکی هونەری زۆر جوان یاخیبونی خۆی لەم زەوییە و لە بوونەکەی دەردەبڕێت، ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین شاعیر لەوەسفکردنی ڕووداوەکاندا زۆربەکەمی وشە باوو فەرهەنگیەکان بەکاردەبات، هەمیشە خۆی هەوڵی واتاو مەدلولی نوێ ی داوە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە فراوانی خەیاڵی شاعیرەوە هەیە هەمیشە سروشتی دواندووە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستە شیعرییەکانی، زۆر جار و لای هەموان ڕوونە، کە منداڵ پرسیاری زۆر وجوودی دەکات لە باوانیان زۆر جاریش ئەفسانە ڕۆڵی زۆر گەورەی بینیوە لەوەڵامەکاندا، هیچ گەلێکی سەر ئەم زەوییە بوونی نیە کە خاوەنی ئەفسانەی تایبەت بە خۆی نەبێت، زۆرجاریش گەلانی دوونیا لە هەندێ بابەتی ئەفسانەیدا هاوبەشن، بۆیە شاعیر لێرەدا سوودی لە ئەفسانە بینیوە بۆ تەفسیرککردنی ئەو وەڵامەی، کە منداڵەکەی دەپرسێت بابە بۆچی(با) هەر بەردەوام ڕا ئەکاو ئەلوورێنێ وێنەی(با) هەمیشە وەك هەبوویەکی یاخی وێناکراوە، ئەم چەمکەش لە لای شاعیر گوزارشتە لە یاخیبون :

بابە -با-بۆچی ڕادەکاو دەلورێنێ؟
شایەك ویستی بۆخۆی بیکا بە شانەیێ و
بەتەنیا هەر
قژی شاژن دابهێنێ؟ (قوباد، 2007: 184)

کەواتە لە دیدی شاعیرەوە مرۆڤی یاخی ئەوەیە، کە هەرگیز ڕازی نابێت بۆ هیچ کەس و لایەك و ئایدۆلۆژیایەك خۆی کەوی بکات، بەڵکو دەبێت هەمیشە ڕابکات و بە دەنگی بەرز وەکو(با) بلورێنێ هاوار بکات و ناڕەزاییەتی دەربڕێ، لەبەشی دووەمی دەقەکەدا شاعیر دێتە سەر یاخیبون لە خوودی بوون لە زەوی وەك هەسارە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئەی بۆچی مانگ دانابەزێ و هەر بە ئاسمانەوەیە ؟ دەڵێت لە داخی زەوی فڕیوە، چونکە ئەم زەوویە پڕیەتی لە خوێن ڕشتن پڕبووە لە تاوان، هەروەك ئەوەی *لە ئەفسانەی کوردیدا دەڵێت (کوکوختی) بووك بووە و لە داخی خەسووی نزای لای خودا کردووە باڵی داوەتێ و فڕیووە؟!

ئەدی مانگ بۆ دانابەزێ؟
مانگ ئەو دەمەی
پارچەیەك دلی زەوی بوو
کارمامزێکی کەوی بوو
ڕۆژێکیان بۆ ڕاموسانێ
چوونە ژێر ساباتی ژوانێ
مانگ کە دیتی زەوی .. دەمی
لە خەڵتانی خوێن هەڵسووە.
پەنجەکانی، هێشووە گوناهیان گرتووە!
تاقە ماچێکی نەدایێ
فڕی و بۆی نەهاتە ڕایێ (قوباد، 2007: 184)

*قسەیەکی سەرزارەکی ناوچەی هەڵەبجەیە

**6-لە خۆ یاخیبون:**

مرۆڤ هیچ کات لە دۆخێکدا چەق نابەستێ و هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە و بەردەوام لەململانێدایە لەگەڵ خودی خۆی، زۆرجار لەخۆڕازیبون و خود پەسەندی بەرەو دونیای نێرجسێت و خۆپەرەستی هەنگاو دەنێت، هەندێ جاریش مرۆڤ هێندە لەگەڵ خۆی بەربەرەکانی دەکات و ناڕازیبوون لە خودی خۆی بەپلەی ڕەتکردنەوەی لەو خودەی دەگەیەنێت، هەندێ جار ئەشێ ئەم بەدخودییە بەهۆی نەخۆشییەوە بێت لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە، هەندێجاریش بەهۆی مەعریفەی خودی مرۆڤەوە دەگاتە ئەو دۆخە، مرۆڤی یاخی بەر لەوەی لە دیاردەکانی دەورووبەر یاخی ببێت، دەبیت ئەم یاخیبوونە لە خودی خۆیەوە دەستپێبکات، ئاخر ئەگەر مرۆڤ خۆی تاکێکی ئازاد نەبێت چۆن دەتوانێ تەفسیری ئازادی بکات، ئەگەر مرۆڤ خۆی کەسێکی دەستەمۆی ناو کایە کۆمەڵایەتی و مەعریفە باوەکانی سەردەمەکەی بێت، چۆن دەتوانێ لە گۆڕانکاری بدوێ، بۆیە ئەم شاعیرە، وەک مرۆڤێکی ئازاد لە چەند دەقێکی ناوبەرهەمە شیعرییەکانیدا ئەم یاخیبونە خودیە بوونی هەیە لە دەقی (لە دایک بوون) شاعیر لە ئەزمونێکی جیاوازەوە باس لە یاخیبونی خودی دەکات زۆر جار خودی مەعریفە دەبێتە سەرچاوەی یاخیبونی مرۆڤ لە خودی خۆی، مرۆڤ زۆر جار یاخیبونەکەی و ئازادییەکەیی و خۆبوونەکەی دەبێتە بەڵای سەر بۆی زۆرن ئەو کەسایەتیە یاخییانەی هەموو جیهانیان ڕەتکردەوە و دواجار لە خودی خۆشیان یاخیبون و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا!؟ هەندێکیان لە کۆتای ڕۆژەکانی ژیاندا وەک بلیمەتێک شێت دەبن و هەندێکیان خۆیان دەکوژن، بۆیە شاعیر ئەم یاخیبونەی ئەو لادانانەی لە نەریت و یاسا و هزری دەستەجەمعی و کەلتوری باو بەو ئاڕاستەی دەبات، کە لە خودی خۆی یاخیبێت، بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم بیرروبۆچونەمان، کە ئاماژەمان پێدا بەوەی شاعیر ئەو بیرە یاخییەی بۆی بۆتە بەڵاو دەیەوێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا بژی، لە دەقی (سادە سادە وەک کەری زێبرا) دا ئەم بۆچوونەی بە تەواوەتی دووپاتکردۆتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەشێک لەو کردەوانەی مرۆڤ وەک کەسێکی سادە و بێئاگا لە شتە جەوهەرییەکان تەنیا خەریکی ڕووخسارەو بێ ئاگای لەناوەڕۆک هەڵسوکەوت دەکات:

پێم خۆشە –تک تک ببارم، بیرلە کرێنی

کەوش و بیر لە نەشتەرگەری کەپووم

و، بیر لە کرێنی خەنە ئەکەمەوە –وەک

باران سادە سادە

حەز دەکەم کەرێکی زێبرابم (قوباد،2018: 31)

لە دەقی (سەتڵێک ماستی چێل) دا، جارێکی تر شاعیر لەو خووده سرکو یاخییەی خۆی یاخیدەبێت و گەرەکیەتی وەکو هەموو پیاوەکانی تری کۆمەڵگا لەگەڵ ئاڕاستەی شەپۆلی دەریا بڕوات و بە سادەیی و بێئاگایی لە ژیان بڕوانێت:

تۆ ناهێڵیت وەک پیاوە گێلەکانی گەڕەک

بژیم

وەک کەر

وەک حوشتر

وەک مەیموون (قوباد، 2018:20).

لە دەقی (مرۆڤ) دا،شاعیر لە نێوان (خودا) و مرۆڤ) دا لە میهرەبانی خودا لە دڕندەی مرۆڤ ئەدوێت، مرۆڤ ئەگەر نەتوانێت پەروەردەی سۆزو ویژدانی مرۆڤانەی خۆی بکات، ئەوە سەرئەنجام دڕندەیەک بەرهەم دێنێت، لەم دەقەدا میهرەبانی خودا لەسەر بنەمای دڕندەیی خودی مرۆڤ سەرچاوە ی گرتووە، ئەگەر لە دەقەکانی پێشوودا لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی بەسەر گەلانی ژێر دەستەکراوە و شاعیر لەبەرامبەر خودادا جۆرێک یاخی دەبێت و لە گفتوگۆی بەردەوامیدایە، ئەوا لەم دەقەدا ڕاستەوخۆ هەموو تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی خودی مرۆڤ، ئەوە خودایە مرۆڤی ڕەشپێست و سپی پێست دروستکردووە، بەڵام ئەوە مرۆڤە بەهۆی سیاسەتی ئاپارتاید و جیاوازی ڕەگەزەو یەکتر دەکوژن، ئەوە خودایە، کە ئاوەزی بە مرۆڤ بەخشیوە، کەچی مرۆڤ بەهۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیەوە یەکتری قەتڵ و عام دەکەن، ئەوە خودایە، کە ئازادی بەخشیوە بە مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی ئایینەکان بەڵام خودی مرۆڤەکان یەکتر قبوڵناکەن و توندوتیژی بەرهەم دەهێنن شاعیر لەم دەقەدا دەڵێت، ئەوە منم نەنوێژ دەکەم و نەزەکات دەدەم و نە بەرماڵێکم ڕاختسووە و نەسەردانی کەعبەم کردووە نەبەردی گرتۆتە شەیتان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە میهرەبانی خودا دڵنیام، بەڵام ترسی من لە خودی مرۆڤە:

من تەنیا لە تۆ دەترسم لەتۆ..
چونکە، ڕەنگم لە ڕەنگی تۆ ناچێ
دەمکوژیت
چونکە، بە پەڕوباڵی تۆ هەڵنافڕم
دەمکوژیت
چونکە بە دەنووکی تۆ ناخوێنم
دەمکوژیت
نەک لەخودا
من لەبێ بەزەیی تۆ تۆ قیوم
لە دڵڕەقی تۆ
خودا میهرەبانترین میهرەبانەو
تۆش دڕندەترین دڕندە
ئەی مرۆڤ (قوباد، 2019: 304)

گەوهەری بیری ئەم تێکستەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کەشاعیر وەك یاخیبوبەکی ڕیالیستی دەردەکەوێت، نەك میتافیزیکی، واتا هەمیشە لەگەڵ خودا گفتوگۆدەکات نەك ڕەتبکاتەوە، وجودی خۆشدەوێ ، بەڵام دیاردە ناشیرینەکانی ڕەتدەکاتەوەو بوونێکی نوێ بونیاد دەنێت، بەڵام کاتێك شاعیر دژی خۆی دەوەستێتەوە و هەموو جیهان ڕەتدەکاتەوە ئەوا یاخییەکی میتافیزیکیە، ئەلبیرت کامۆ دەڵێت((یاخیبونی میتا فیزیکی بریتییە لەو بزاوتەی، کەمرۆڤ لەڕێیەوە دژبەدۆخی خۆی وەکو بوونەوەرێك و دژبەهەمووگێتی دەوەستێتەوە، یاخیبونی میتافیزیکیش ئیبلیسە، لەمیتۆلۆجیای یۆنانیشدا پرومیسیۆسە، لەسەردەمی نوێشدا مارکیزو دۆساد و ئیڤان کارامازۆڤ و نیچەیە)). (کامۆ، 2012: 16).

### ئەنجام

1-قوبادی جەلی زادە بەتەنیا شاعیری ژن وجەستە نیە، بەڵکو یەکێکە لەشاعیرە نوێخوازە یاخییەکانی ناو ئەدەبیات و شیعری کوردی مرۆڤایەتی هەوێنی هزری یاخیبوونەکەیەتی .

2ـ شاعیر بەگشتی لەشیعرەکانیدا هەم وەك یاخیبوبەکی میتافیزیکی و هەم وەك یاخیبوبەکی ڕیالیزمی دەردەکەوێت.

3-زمانی شیعریي قوباد زیاتر زمانێکی سادەو ساکارە، بەڵام قوڵو فرەواتاو واتای نهێنی و شاراوە. شاعیر زۆرسەرکەوتوانە یاخیبون لەزمانی دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ،سەرکەوتوانە واتا فەرهەنگییەکانی تێکشکاندووەو واتای نوێی ئەفراندوە بەتایبەتی سروشت ئامادەییەکی زۆری لەتێکستەکانی شاعیرداهەیە، بەڵام بەواتاو مەدلولی زۆرجیاواز،کەتایبەتن بەشێوازی خودی شاعیر.

4-یەکێکی تر لەو ئەنجامانە ئەوەیە شاعیر ، بەبێ پەردەو داپۆشین زمانی شیعریي خۆی ڕوتکردۆتەوە لەهەموو کۆدە کۆمەڵایەتی و کلتوری وئایینی و سیاسیەکان ئەمەش گوزارشتە بۆ بوێری شاعیر .

5-تێکستەکانی شاعیر گەواهیدەری ئەوڕاستیەن، کە بەردەوام توانیویە هاوسەنگی سەربەخۆیي خۆی لەڕوی حیزگەراییەوە بپارێزێت.

### سەرچاوەکان

#### کتێبە کوردیەکان:


1- ئەبوسعود، صەڵاح، ( 2019)، موعتەزیلە، وەرگێڕان: شاهۆعومەر عارف، چ1، سلێمانی، چاپخانەی گەنج .

2-الحسن، د. ئیحسان محمد، ( 2019) ، ڕابەرانی هخزری کۆمەڵایەتی، وەرگێڕان : دانا مەلاحەسەن، چ1، سلێمانی، چاپخانەی ، ئەندێشە .

3 – باوەجانی، موحسین، (2011)، وتەکانی نیچە، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سایە.

3-ب. تراویلکە، بونکەر ( 2008 )، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، وەرگێڕان : حمە کەریم عارف ، بەرگی دووەم، چ1، دهۆك، چاپخانەی حان.

4- بیرتینس، هانز، (2015)، بنەماکانی تیوری ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چ1، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

5-بێرمەن، مارشاڵ، 2005 ، مۆدێرنێتەی ئەزموونی، وەرگێڕان : بۆفارسی موراد فەرهاد پور، وەرگێران بۆکوردی : مەنصور تەیفوری سلێمانی ، چپخانەی ، سێما.

6 - پەنا، بەهنام محه مەد،( 2011)، نهێنیەکانی شارستانیەتی ڕۆمی کۆن، چ1، سلێمانی، چاپ خانەی چوارچرا .
7- حەمە، ئازاد، (2002)، بیری پۆست مۆدێرنیزم، چ2، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
8- حوسێن، د.هیمداد، (2007)، ڕەحنەی ئەدەبی کوردی، چ1، چاپخانەی، خانی
9-خەلیل، د. ئیبراهیم محمود ،( 2017) ، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لەلاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشێنگەرایی ، وەرگێڕان : د. محه مەد تاتانی چ1 ، هەولێر ، چاپخانەی ، کارۆ.
10-خەلیل، ماجید ،( 2009) ، کوردو بزوتنەوەی خەوارج ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، چاپخانەی چوارچرا .
11- دولوز،ژیل ،( 2010) ،فەلسەفە، وەرگێڕان : ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل ، چ1، دهۆك ، چاپخانەی خانی.
12-ساڵح ، هاشم ،( 2012) ، فیکری خۆرئاوا، و : شوان ئەحمەد، چ2، هەولێر، دەزگای ئاراس.
13-ساڵح، ڕێزان، ( 2013) ، پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلی زادەو نەزارقەبانیدا، هەولێر، چپخانەی حاجی هاشم .
14-عزیز، حەمید، ( 2012) ، سەرەتایەك لەفەلسەفەی کلاسیکی یونان، چ 5، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
15-غالب، د. مستەفا ،( 2006) ، سارتەر ڕابەری فەلسەفەی بونگەرایی، وەرگێڕان : کەمال عەلی ، چ1، سلێمانی ، چاپخانەی گەنج .
16-قطوس، د. بسام ،( 2011) ، دەروازەیەك بۆمیتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێڕانی : د. محه مەد تاتانی، چ1، هەولێر، چاپخانەی، شڤان .
17-مەزهەر، کەمال، ( 2006) ، ڕێنسانس، چ3، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی .
18-مەعروف، د. کەمال، (2012)، تیورە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەب، سلێمانی، چاپخانەی لەریا .
19- میهرداد، ئەکرەم، ( 2007) ، پێشەکی دیوانی شەهیدبەتەنیا پیاسە دەکات، دەزگای ئاراس.

**فەرهەنگەکان :**

1-تاڵەبانی، د. نوری، (2012 ) فەرهەنگ، چ5، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
2-خاڵ، شێخ محه مەد،( 2005)، فەرهەنگ، چ2، هەولێر، دەزگای ئاراس.
3-خۆشناو، سەلام،( 2010)، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد،
4-موکریانی، هەژار،( 1388)، فەرهەنگ، چ5، تهران، چاپخانەی انتشاراتی سروشتچر.
5-مەلائیسماعیل، شەوکەت ،( 2009 ) ، فەرهەنگ، هەولێر، چاپخانەی تەفسیر

دیوانی شاعیرەکان(بەزمانی کوردی ) :

1- جەلی زادە، قوباد،( 2007)، شەهیدبەتەنیا پیاسەدەکات، دەزگای ئاراس .
2 جەلی زادە، قوباد،( 2008)، خۆرلەناوپەرداخێکی شکاودا، دیوان ،
3- جەلی زادە، قوباد، (2012)، باخچەکانی مەلەك تاوس، دیوان، سلێمانی، چاپخانەی (حەمدی).
4- جەلی زادە، قوباد، ( 2018) ، کۆڵانەشینەکانی منداڵی، دیوان، چ1، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد .
5- جەلی زادە، قوباد، ژنێك لەجنسی باران ،( 2019 )، دیوان، چ1، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد
6- جەلی زادە، قوباد، (2020)، تیپی مۆسیکی خەرتەلە، چ1، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

نامە ئەکادیمیکان (دکتوراو ماستەر) بەزمانی کوردي :

1-ڕەشید، ئەحمەد محه مەد ، ( 2019 )، دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس و محەمەد ماغوط ( دیوانی ئێستە کچێك نیشتمانمە و دیوانی شرق عدن غرب الله) بەنمونە، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی ،کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی .

**گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان :**

1 –بۆکانی، سابیر، ( 1999 )، شۆڕبهوونەوەیەك بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، گۆڤاری (ڕامان )، ژمارە (30).
2-حەسەن، ڕەئوف، ( 1998 )، قەسیدەکانی قوباد هەمەەشتن بەڕووتی دەبینن، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (30).
3- حەمەئەمین، د. عەبدولقادر، (2009)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(5).
4- دۆخی فەلسەفەی ئیمانیول کانت، ( 2015 )، وەرگێڕان لەفارسیەوە : سەعید کاکی، گۆڤاری ئایدیا، ژمارەکانی ، 48- 49 .
5- ڕۆبینسۆن، دیو، ( 2015) ، نیچەو قوتابخانەی پۆست مۆدێرن، وەرگێڕان لەفارسیەوە : مەجید مارایی، گۆڤاری (ئایدیا) ، ژمارەکانی، (52ـ 53).
6-عوسمان، ڕایان، ( 2015 )، پۆست مۆدێرنێتە چیە، گۆڤاری (ئایدیا )، ژمارەکانی ( 52- 53).
7- قەرەچەتانی، د. کەریم شەریف، (2004)، تیورەکانی ڕێنمایی و ئارستەکردنی دەروونی، گۆڤاری (ڕامان) ، ژمارە (91).
8- میل، جون ستیوران، (2013)، چەمکی ئازادی، و: شاکار یوسف حەسەن، گۆڤاری(ئایدیا)، ژمارە(37).
9-لیوتار، جان فرانسوا، ( 2013 )، فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنە، وەرگێڕان : شوان ئەحمەد، گۆڤاری (ئایدیا) ، ژمارە (37) .

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان بەکوردی :

1-حەمە، ئاکۆقادر، کوردایەتی و ئەدەب گوتاری شیعری قوبادی جەلی زادە لەنێوان گوتاری دژو هاوسە سەنگ ،
www.academia
>edu/37463380https://www.academia.edu/11788430_The_Kurds_in_Turkey_deportation_as_a_method_of_solving_the_ethnic_conflict_in_the_XIX_XX_centuries_Fritillaria_Kurdica_Bulletin_of_Kurdish_Studies_7_8_2015_P_77_91

**دیدارو چاوپێکەوتن :**

1-قوبادی جەلی زادە، چاوپێکەوتن لەلایەن، د . عەبدلقادر حەمە ئەمین، 2009
2- قوبادی جەلی زادە، چاوپێکوتن، شوانە نوری، دەزگای جەمال عیرفان، 2020.

سەرچاوە عەرەبییەکان (کتێبەکان ):
1-الحسن، د . احسان محمد، ( 1988)، علم الاجتماع، بغداد، مطبعة التعليم العالى .
2-الحيدرى، ابراهيم (2012) ، النقد بين الحداثة ومبعد الحداثة، ط1، بيروت ، دار الساقي.
3- حامد، زهران، (1986)، علم النس طفولة، ط2، مصر، عالم الكتب .
4-عليان، فواد، (2004)، موسوعه الفن التعامل مع المراهقين والمراهقات، ط1، الاردن، دار الصفاء للطباعه والنشروالتوزيع.
5-عماد، حسن ،( 2002) ، مفهوم العبث بين الفلسفة والفن، طبعه1، قاهره، دارالحكمة .
6-موسى، د . محمد عبدالقادر، ( 2001) ، الاغتراب فى تراث الصوفية، بغداد، بيت الحكمة .

**فەرهەنگی عەرەبی :**

1- نور الدين، عصام ، ( 1971) ، معجم الوسيط ، بيروت، دار الحكمه .

نامەی دکتۆراو ماستەر بەزمانی عەرەبی :

1-الطيب، عثمانى، ( 2016) ، شعرية التمرد، شعر العربى الحديث قراة فى ديوان احمد مطر، رسالة ماجستير، قسم اللغه العربى، كليه الاداب واللغات، جامعة محمدبوضياف .
2-عويد، امينه، (فرهود ، داليا كاظم )، (اسماعيل مضهر)، ( 2017 )، التمرد النفسي، قسم العلوم التربوية والنفسية ، كليه التربية ، جامعة القادسيه .

**گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبییەکان :**

1 – التميمى، محمود، (2003)، التمرد النفس لدى طلبت الجامعة، مجلة جامعة البحرين، عدد(39).
2-القيق ، د . نمر صبح ،( 2017) ، التمرد النفسي وعيلاقة بالانتاج، مجلة جامعة الفلسطين ، العدد ، الثانى.

**سەرچاوە بەزمانی فارسی :**

1-شريعتى، د. على ،( 1385) ، خودسازى انقلابى ، چاپ (نهم )، تهران .

* دازاین، بۆزنیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (بوون وکات ) ی هایدگەر.

* ئەم توێژینەوەیە هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرایە.

**التمرد فی قصائد قباد جلی زاده**

**شوانه نوری عبدالله**
قسم التاريخ/ كليةالعلوم الانسانية/جامعهة الحلبجه

**سردار احمەد گردی**
قسم اللغة الكوردية/ كليه التربية/ جامعة صلاح الدين

**ملخص**

مفهوم التمرد موضوع له معانی متعددة ومختلفة المدى. مين حيث العملية، ملخص هدا البحث يتضمن معنى الاصطلاحية للموضوع حسب المعاجم والقاموس، ادا يشمل معانی (العصيان، الانحراف، الخروج، الطغيان، خرق العادات) انه يتكون من جوانب الاجتماعية والنفسية والدينيه اكثر، وعلى كل حال الشخس المتمرد هو يقول لكل شی كلا. من جهة اخرى تاريخ هدا المفهوم يعود الى مقابل ظهور الدين المسيحى والاسلام، خاصة الى اسطورات الامم الشرقية مثل (البابلين والسومرين) ای انتاريخه يعود الى (2000) سنة قبل ولادة المسيح (عليه السلام) و بعد دالك مرت بمراحل كثيرة، اد كل مرحلة مند الاغريقية الى مابعد الحداثة(بوست موديرنه) او فن المعاصر كان موضوعا مطروحا للتحليل والجدوى، ادا كل مرحلة كان يعطى طابعا ورؤيا خاصة لهدا المفهوم سواء من منطلق الدينی ام الفلسفة والادبی، ومع كل دالك ملخصا، هناك اسباب الاجتماعي والنفسي والديني لازدهار ظاهرة التمرد.وكلهم قريب بعظهم مع بعظ من حيث التطبيق، وانهمتعلق وخاص باشعار (قبادجلی زاده)خاصة اسباب الداتی والموضوعي لتمرد الشاعر، كل ذالك وضحت وفسرت لها، الواجب الرئيسی هدا البحث جهود لظهور حقيقة هدا المضمون ، هو ان (قبادجلی زاده) ليس شاعر المرآة والاروتيكيه، بل هو شاعر تمرد انسانی وداعی للتحريری والمساواة، ولدلك ضحى فی حياته الاجتماعية والامنيه قيمه هذا الطغيان والتمرد، نحن نجد فی مضمون نصوصه هذه الحقيقة، ومن جهه اخرى هدا البحث جهد المعرفة التمرد كظاهره ايجابي فی تحقيق حياة للانسانية كلها.

**مفاتيح الكلمات**/ مصطلح ومفهوم التمرد، تاريخ التمرد، اسباب التمرد، انواع التمرد.

**Rebellion in Qubadi Jali Zadas poetry**

**Shwana Noori Abdulla**
Department of History – College of Human Sciences
university of Halabja- Kurdistan Region/ Iraq

**Sardar Ahmad Gardi**
Department of kurdsh – College of Education-
Salahaddin University-Erbil Kurdistan Region/ Iraq

**Abstract**

The term of antagonism has many synonyms and alternatives. This research has explained the term of antagonism
theoretically which includes the meanings of disobey, violate, contravene and breaking the norms. It is related to the physiological, social and religious attitudes. In short, an antagonist person says no. Besides, the origin of the word antagonism goes back to B.C and ISLAM, especially to the legends of the eastern nations such as Babylons and Sumerians 2000 years B.C. All the historical phases of the term from Greeks to Post-Modernism have been explored. Any period has given a special dimension to the meaning of the word according to the religion, philosophy and literature. Moreover, the factors of emerging antagonism have been explained. In the practical part of the paper, which is devoted to the poems of Qubadi Jalil Zada, subjective and objective factors of antagonism of the poet has been thoroughly explained. The main purpose of this research is to prove that Qubad is not only the poet of women and erotic, but he is an antagonist who seeks for freedom and equality. And he has paid for it by his social and professional life. This has been verified in his texts. Furthermore, this paper describes antagonism as a positive phenomenon to provide a better life for humanity.

**Key words**: The term and concept of rebellion, History of rebellion, The reasons for the rebellion, Types of rebellion.